# ٤٠

# أسباب المفيدة في اكتساب الأخلاق الحميدة

# ٤٠

# هۆکار کە سوود بەخش و گرنگن بۆ ئەوکەسانەی دەیانەوێ ڕەوشتی جوان فێربن

نوسینی

ئازاد پێنجوێنی

# پێشەکی

بسم الله الرحمن الرحيم

الحمد لله الذي هدانا لهذا وما كنا لنهتدي لولا هدانا الله ، والصلاة والسلام على أفضل خلق الله نبيينا محمد وعلى آله وأصحابه ومن تبع هداه إلى يوم لا ينفع ولا بنون إلاّ من أتى الله بقلب سليم.

قال الله تعالى في كتابه العزيز: ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ ٱتَّقُواْ ٱللَّهَ حَقَّ تُقَاتِهِۦ وَلَا تَمُوتُنَّ إِلَّا وَأَنتُم مُّسۡلِمُونَ﴾ [آل عمران: ١٠٢ ].

﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ ٱتَّقُواْ رَبَّكُمُ ٱلَّذِي خَلَقَكُم مِّن نَّفۡسٖ وَٰحِدَةٖ وَخَلَقَ مِنۡهَا زَوۡجَهَا وَبَثَّ مِنۡهُمَا رِجَالٗا كَثِيرٗا وَنِسَآءٗۚ وَٱتَّقُواْ ٱللَّهَ ٱلَّذِي تَسَآءَلُونَ بِهِۦ وَٱلۡأَرۡحَامَۚ إِنَّ ٱللَّهَ كَانَ عَلَيۡكُمۡ رَقِيبٗا﴾ [النساء: ١].

﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ ٱتَّقُواْ ٱللَّهَ وَقُولُواْ قَوۡلٗا سَدِيدٗا ٧٠ يُصۡلِحۡ لَكُمۡ أَعۡمَٰلَكُمۡ وَيَغۡفِرۡ لَكُمۡ ذُنُوبَكُمۡۗ وَمَن يُطِعِ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥ فَقَدۡ فَازَ فَوۡزًا عَظِيمًا﴾ الأحزاب:[٧٠-٧١].

أما بعد: فإن أصدق الحديث كتاب الله، وخير الهدي هدي محمدﷺ، وشر الأمور محدثاتها، وكل محدثة بدعة، وكل بدعة ضلالة، وكل ضلالة في النار.

**قال الله تعالى في كتابه العزيز:-** ﴿ وَلَا تَسْتَوِي الْحَسَنَةُ وَلَا السَّيِّئَةُ ادْفَعْ بِالَّتِي هِيَ أَحْسَنُ فَإِذَا الَّذِي بَيْنَكَ وَبَيْنَهُ عَدَاوَةٌ كَأَنَّهُ وَلِيٌّ حَمِيمٌ ﴿٣٤﴾ وَمَا يُلَقَّاهَا إِلَّا الَّذِينَ صَبَرُوا وَمَا يُلَقَّاهَا إِلَّا ذُو حَظٍّ عَظِيمٍ ﴿٣٥﴾ ﴾

قال رسول الله ﷺ:- {إِنَّمَا بُعِثْتُ لِئُتَمِّمَ مَكَارِمَ الْأَخْلَاقِ}.

وقال:- {أنا زعيم ببيت في ربض الجنة لمن ترك المراء وإن كان محقاً، وببيت في وسط الجنة لمن ترك الكذب وإن كان مازحاً، وببيت في أعلى الجنة لمن حسن خلقه}.

مرۆڤ گەر بیەوێت فێری ڕەوشتانێك بێت كەخوای پەروەردگار پاشان مرۆڤەكان لێی ڕازی بن و سوپاس و ستایشی بكرێت و ناوی لەڕیزی چاكە كاراندا بهێنرێت باهەوڵ بدات و تێبكۆشێت بەم چەند خاڵە و هاوشێوەی ئەم چەند خاڵە خۆی بڕازێنێتەوە، نەك تەنها لەبەر ئەوەی پێی بڵێن كەسێكی ئازایە و چاكە و زیرەكە، واتە بۆ ڕیا بیكات، بەڵكو لەبەر ڕەزامەندی خوای تاكو تەنها لەخۆیدا جێ بەجێ یان بكات تا خوای گەورەش وای لێبكات لەناو خەڵكیدا بە ڕەوشت جوان وەسف بكرێت، بەپێی توانا و بیركردنەوەم لێرەدا چەند خاڵێكم باسكردوە لەسەر ڕەوشتی جوان و دوركەوتنەوە لەڕەوشتانێك كەناشرینن و نابێت لەمرۆڤدا هەبێت، واتە ئەگەر كەسێك بیەوێت خۆی ڕەوشت جوان بكات و لەناو خەڵكیدا ببێتە كەسێكی بەشەخسیەت، دەبێت ئەم چەند خاڵە لەخۆیدا جێ بەجێ بكات و لەو هۆكارە خراپانەیشی خۆی بەدوور بگرێت تاكو ببێتە كەسێكی گەورەو بەڕێز لەناو خەڵكیدا، وە ئەگینا لەم ڕەوشتانە زیاتریشمان هەیە كە مرۆڤ بیەوێت خۆی پێ بڕازێنێتەوە.

داواكارم لەخوای باڵادەست یارمەتیمان بدات تابتوانین ڕەوشت و ئاكارمان جوان بكەین لەژێر چەرداخی ئەم دینە پیرۆزەیدا.

خوای گەورە ئەم نوسین و قسەو گوفتارانەمان بۆ بكاتە توێشوی قیامەتمان و بیكاتە هۆكاری سڕینەوەی گوناهەكانمان، وە زۆر سوپاسی مامۆستای خۆشەویستم (م.أحمد ملا فائق) دەكەم كەهەمیشە هاوكار و یاریدەدەر و ڕێ نیشاندەرم بووە لەنوسین و كارەكانمدا خوای گەورە بیكاتە توێشوی قیامەتیان وە زۆر سوپاسی برای خۆشەویستم كاك بەرهەم دەكەم پێداچونەوەی كردوە لەگەڵمدا، هەروەها زۆر سوپاسی هاوسەری خۆشەویستم دەكەم كەلەگەڵم دا هیلاك و ماندووبوونی

**چەشتووە.**

**خوێنەری خۆشەویست لەدوعای خێرت بێبەشمان مەکە.**

وآخر دعوانا أن الحمد لله رب العالمين

وصلى الله وسلم على نبينا محمد وعلى آله وصحبه أجمعين.

**ئازاد فائق پینجوینی الكردی**

**دووشەممە**

**٣٠\رجب\١٤٣٩هـ ١٦\٤\٢٠١٨ز.**

**سلێمانی**

# ڕەوشتە بەرز و جوانەكان( حسن الخلق )

**لەئەسڵی زمانەوانیدا:** (الحسن ضد القبح)[1]، **واتە:- (جوان) پێچەوانەی (ناشرین)ە.**

**وە لەزاراوەی شەرعدا:** (فهي تطهر صاحبها من آفات اللسان والجنان، وترتقي به إلى مراتب الإحسان مع خالقه و مع سائر الناس).

**واتە:- ڕەوشتی بەرز خاوەنەكەی پاك دەكاتەوە لەخرا پییەكانی زوبان و دڵ و دەرون، وە بەهۆی ئەم ڕەوشت جوانییەوە بەرز دەبێتەوە بۆ پلەكانی چاكەكاریی لەگەڵ خوا كەدروستكاریەتی، هەروەها لەگەڵ هەموو خەڵكیش زۆر چاكەكار دەبێت.**

**پێغەمبەرﷺ دەفەرمووێت:-** {إِنَّ الْرَّجُلَ لَيُدْرِكُ بِحُسْنِ خُلُقِهِ، دَرَجَاتِ قَائِمِ اللَّيْلِ، صَائِمِ الْنَّهَارِ}[2]، **واتە:- {بەڕاستی پیاو یان (ژن) بەهۆی ڕەوشت جوانییەوە دەگاتە پلەو پایەی كەسێك كەبەشەوان شەونوێژبكات و بەڕۆژیش بەڕۆژوو بێت}.**

**وە دەفەرمووێت:-** {الْحَيَاءُ مِنَ الْإِمَانِ، وَالْإِمَانُ فِي الْجَنَّةِ}[3]، **واتە:- {شەرم و ئابڕوو لە ئیمانەوەیە، وە خاوەنی ئیمان لەبەهەشتە}.**

**لێرەدا باسی (٤٠) هۆكارم كردوە گەر مرۆڤ ویستی لێبێت دەتوانێت خۆیانی پێ جوان بكات وە لەهۆكارە خرا پەكانیشی خۆی بەدوور بگرێت، ئەوانیش:-**

## ١- بیر و باوەڕ(سلامة العقيدة):-

**یەكەم شت كە گرنگە بۆ دروست بوون و پێگەیاندنی مرۆڤ بەگشتی، بۆ ئەوەی ببێتە كەسێكی ڕاستگۆو متمانە پێكراو خوێندن و فێربوونی بیرو باوەڕێكی چەسپاوە لەلای كەسانی كامڵ و شارەزا لەبیر و باوەڕدا، كە مەبەستمان تەوحیدی (ألُهية)ە، چونكە مرۆڤ خوا دەناسێت**

---

١- مختار الصحاح، ص١٦٧.
٢- صحيح: أخرجه بيهقي في شعب (٧٩٩٨).
٣- صحيح: أخرجه الترمذي(٢٠٠٩).

بەلاَم هاوەڵی بۆ بڕیار دەدات و بەم شێوەیە لەدین دەردەچێت یاخود صیفاتەکانی خوا دەناسێت و دەزانێت بەلاَم هەمووی بەصیفاتی خوا دانانێت، بۆیە ناسینی خوای پەروەردگار تەوحیدی ( أُلُهیة )ە کە زۆر گرنگە و مرۆڤ تیایدا تووشی لێتێکچوون و هەڵە دەبێت، وە ئەگەر مرۆڤ زۆر ئاگادار نەبێت، ئەوە زۆر زوو دەکەوێتە داوی ئەو کەسانەی کەدەیانەوێت ڕەوشتی مرۆڤ هەر لەسەرەتای گەنجێتیەوە تێك بدەن، بۆ ئەوەی ئەو کەسە نەتوانێت بیرو باوەڕێکی پاك و جوان و ڕێك بۆخۆی هەڵبژێرێت، بۆیە زۆرینەی گەنج بەلاڕێدا دەبرێت، وە کاتێك دێتەوە هۆش خۆی کاتێکی زۆر لەتەمەنی تێپەڕیوەو زۆری نەماوە لەژیاندا، ئەویش ئەگەر خوای گەورە هیدایەتی بدات و شایستەی هیدایەت بێت پێش ئەوەی بمرێت و بگەڕێتەوە حوزوری خوای پەروەردگار، خوای بالاّدەست هیدایەتی گەنجەکانمان بدات و دووربین لە لاڕێیان، کەواتە لەم سەرەتایەوە مرۆڤ دەتوانێت دەست پێ بکات و هەوڵ بدات بۆ جوانکردنی ڕەوشتی خۆی.

## ٢- هاوڕێی باش (رفيق الجيد) :-

خاڵێکی تر هەوڵدان و گەڕانە بەدوای دۆست و هاوڕێی باش دا، وە دور کەوتنەوەیە لەهاوڕێی خراپ، چونکە مرۆڤ بەهۆی هاوڕێی چاکەوە دەتوانێت فێری کردار و ئاکاری جوان ببێت، وە بەهۆی هاوڕێی خرا پیشەوە توشی هەڵەو تاوان دەبێت و لەبەر چاوی خەڵکی سوك سەیری دەکرێت، هەروەکو دەڵێن :-( کەسێك هاوڕێیەتی قەلەڕەش بکات، هەر بۆسەر لاکە تۆپیوو شوێنی پیس و پۆخلی دەبات )، بۆیە هاوڕێی باش پەیدا بکە وەخۆت بەدور بگرە لەهاوەڵی خراپ و دور لەدین، وە ئەوەش بزانە کە هاوڕێی باش لەڕێگەی مزگەوتەوە بەدەست دێت، هەر بۆیە قەت نەکەی ڕێگەی مزگەوت لەیاد بکەی.

## ٣- پارێزگاری كردن لەنوێژە فەڕزەكان (المحافظة على الصلواة):-

**پێویستە نوێژەفەڕزەكانت لەكاتی دیاری كراوی خۆیدابەجێ بگەیەنیت، خوای گەورە دەفەرمووێت:-** ﴿ حَـٰفِظُواْ عَلَى ٱلصَّلَوَٰتِ وَٱلصَّلَوٰةِ ٱلْوُسْطَىٰ وَقُومُواْ لِلَّهِ قَـٰنِتِينَ ﴿٢٣٨﴾ ﴾ البقرة:(٢٣٨)، **واتە:- ﴿كەمتەرخەمی مەكەن وپارێزگاری لەئەنجامدانی نوێژەكانت بكە ﴿٢٣٨﴾ ﴾.**

**پارێزگاری لەكاتەكەی بكەیت و تەئخیری نەكەیت بەهۆی تەمەڵی یان مەشغەڵەتی دونیاوە، ئەمەهۆكارێكی گەورەیە بۆجوانكردنی ڕەوشتمان، بەڵام بەمەرجێ حەقی تەواوەتی خۆی بدەیت بەنوێژەكەت لە ڕكوع وسوجدە و هتد.....دا، نەك پەلەی لێبكەیت وەك وابێ كەسێك بەشوێنتەوەیە یان وەك پێغەمبەرمانﷺ دەفەرمووێت:- (لەنوێژداوەك كەڵەشێرمەكەن كاتێك دەنوك ئەبات بۆ سەرزەوی دەنكە گەنمێك هەڵگرێت)، ئەمە ئەوەمان بۆ ڕوون دەكاتەوە نوێژەكانمان بەجۆرێك ئەنجام بدەین حەقی تەواوەتی بدەینێ و خەیاڵمان نەڕوات تیایدا، وە كارێك بكەین خوشوعمان بۆ دروست ببێت لە نوێژەكانماندا، چونكە نوێژ بەبێ خوشوع لەزەتی تێدانیە، هەروەها پێغەمبەرﷺ دەفەرمووێت:-{**الْصَّلَاةُ فِي أَوَّلِ وَقْتِهَا}[٤]، **واتە:-{نوێژەكانتان لەسەرەتای كاتەكەیەوە بەجێ بگەیەنن}، هەروەكو زانایان چەند دەقەیەكیان بۆكاتی قامەت دیاری كردووە دوای بانگ بەتایبەت لەنوێژی جەماعەتدا بۆچاوەڕوانی بۆئەوەی خەڵكی زیاتربێت، بەم شێوەیە مرۆڤ ڕەوشت و ئاكاری جوان دەبێت و دەم وچاوی ڕووناك و پاك دەبێت وە نەفسیشی پاك و جوان دەبێت لە دونیادا هەم لەقیامەتدا پلەی بەرزدەبێت، ئەم بەجێ گەیاندنی نوێژە كەكۆڵەكەی دینی ئیسلامە مرۆڤ دوردەخاتەوە لە بەخیلی و حەسودی بەیەكتربردن.**

**براو خوشكی بەڕێزم نوێژەكانت لەبیرمەكە و لەكاتی خۆی بەجێی بگەیەنە، وە برای بەڕێزم نوێژ لەسەرپیاوان واجبە بەجەماعەت لەبیری مەكە گەردەتەوێت ڕەوشتت جوان و بەرزبێت ئەوە( پێنج ) نوێژە فەڕزەكەت لەیادمەكە،**

---

٤- صحيح ابن حبان- محققا (١٤٧٥): ابن خزيمة: (٣٢٧)، صححه.

**کەواتە دەڵێم:-**

**بە پێی خۆت وەرە بۆ مزگەوت پێش ئەوەی بە شان بتهێنن، وە نوێژبکە پێش ئەوەی نوێژت لەسەر بکرێت، پاشان تەرمت بەرەو گۆڕستان ببرێت، وە دوای ناشتنت دەورو بەرت چۆڵ بکرێت، دواتر پرسیاری ناو گۆڕت لێ بکرێت ئەمجا شوێنی خۆتت نیشان بدرێت، دوایی بەرەو بەرزەخ دواتر حەشرت لە قیامەت دەست پێ بکرێت، ئەوجا کۆتا شوێنت لەبەهەشت یاخود لەدۆزەخدا پێ بدرێت.**

## ٤- ڕۆژوو(الصيام):-

**بەڕۆژووبوون یەکێکی ترە لەو هۆکارەجوان و جەو هەریانەی مرۆڤ وە بەتایبەتی گەنج دەتوانێت خۆی پێ بپارێزێت لە گوناه و تاوان و ڕەوشتی خۆی پێ جوانتربکات، کاتێك گەنج تەمەنی گەیشتە حەدی بلوغ واتە باڵغبوون ئەگەر توانی با هاوسەرگیری بکات بۆئەوەی توشی هەڵەوتاوان نەبێت، چونکە ئەو تەمەنە زۆر هەستیارە بەتایبەت لە پیاواندا، ئەگەرتوانای ماددیشی نەبوو با بەڕۆژووبێت چونکە ڕۆژوو هەست و ئارەزووی مرۆڤ کەم دەکاتەوە بۆئەوەی توشی تاوان نەبێت، هەروەکو خۆشەویستمانﷺفەرموویەتی:-** {يامَعْشَرَ الْشَّبَابِ مَنْ اِسْتَطَاعَ مِنْكُمُ الْبَاءَةَ فَلْيَتَزَوَجْ، فَإِنَّهُ أَغضُّ لِلْبَصَرِ، وَأَحْصَنُ لِلْفَرْجِ، وَمَنْ لَمْ يَسْتَطِعْ فَعَلَيهِ بِالْصَّوْمِ، فَإِنَّهُ لَهُ وِجَاءٌ}(٥)، **واتە:- {ئەی کۆمەڵی گە نجان هەرکەس لەتوانایداهەیە باهاوسەرگیری بکات، چونکە ئەمە هۆکاری چاوتێری و پاراستنی داوێنیەتی، وە هەرکەسیش توانای هاوسەرگیری نیە و دەسەلآتی نیە، ئەوە با بەڕۆژوو بێت، چونکە ئەمە دەبێتە پەرژین و ئارەزووی کەم دەکاتەوە}.**

**بەهەمان شێوە ڕۆژوو گرتن ڕەفتارو ڕەوشتی مرۆڤ دەگۆڕێت و دەبێتە کەسێکی ئارام ولەسەرخۆ و ڕەوشتی جوان دەکات، هەرچەند دەتوانی ڕۆژوو بگرە ڕۆژووی فەرزوو سوننەت، چونکە خوای گەورە فەرموویەتی:- بۆنی دەمی ڕۆژو ووان لام خۆشترە لەبۆنی میسك، بۆنی**

---

٥- أخرجه البخاري (٤٧٧٩).

میسك خۆشترین بۆنە لە بەهەشتدا.

## ٥- ئارامگرتن(الصبر):-

ئارامگرتن یەكێكە لەو هۆكارانەی مرۆڤ دەتوانێت خۆی پێ بڕازێنێتەوە، لەهەمان كاتیشدا بەو صەبر گرتنەی بگات بە ئاما نجەكانی خۆی، خوای گەورەش لەقورئانەكەیدا دەفەرموویێت:- ﴿ وَٱلۡعَصۡرِ ١ إِنَّ ٱلۡإِنسَٰنَ لَفِي خُسۡرٍ ٢ إِلَّا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَعَمِلُواْ ٱلصَّٰلِحَٰتِ وَتَوَاصَوۡاْ بِٱلۡحَقِّ وَتَوَاصَوۡاْ بِٱلصَّبۡرِ ٣ ﴾ العصر:(١- ٣)، واتە:- ﴿سوێند بەكات(١) بێگومان هەموو خەڵكی لەزیان و لەناو چووندایە(٢)مەگەر ئەوانەی كەبڕوایان هێنابێت و كردەوەی چاكیان ئە نجام دابێت و ئامۆژگاری یەكتریان كردبێت بە ئاینی ڕاست و ئامۆژگاری یەكتریان كردبێت بە ئارامگرتن(٣) ﴾.

لێرەدا خوای پەروەردگار زۆر جەختی كردووەتەوە لەسەر ئارامگرتن، بۆیە مرۆڤ دەتوانێت بەئارامگرتن زۆر شت بۆ خۆی ئاسان بكات، كاتێك هەژار و نەدارە ئارام بگرێت بەدڵنیاییەوە ڕۆژێك دێت خوای گەورە دەروی خێری لێ دەكاتەوە و زۆر لەو صەبرەی ئەو زیاتری پێ دەبەخشێت، یان كاتێك مرۆڤ ناڕەحەتی و خەفەت و بێتاقەتی و مردنی ئازیزانی ڕووی تێدەكات، ئارام بگرێت و خۆی نەدات بەدەست وەسوەسەی شەیتانەوە، ئەوە بادڵنیا بێت كەخوای بەخشندەو میهرەبان لەو ئارامگرتنەی ئەو زیاتر دڵخۆشی دەكات هەم لە دونیا و هەم لە ڕۆژی دوایش، وە خوای گەورەش لەچەندین شوێندا لەباسی صەبر گرتندا دەفەرموویێت:- ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ ٱسۡتَعِينُواْ بِٱلصَّبۡرِ وَٱلصَّلَوٰةِۚ إِنَّ ٱللَّهَ مَعَ ٱلصَّٰبِرِينَ ١٥٣ ﴾ (البقرة: ١٥٣)، واتە:- ﴿ئەی ئەو كەسانەی كە بڕواتان هێناوە پشت ببەستن بەخۆڕاگری و نوێژكردن بەڕاستی خوا لەگەڵ خۆڕاگرانە(١٥٣) ﴾.

وە دەفەرموویێت:- ﴿ وَٱللَّهُ يُحِبُّ ٱلصَّٰبِرِينَ ١٤٦ ﴾ (آل عمران: ١٤٦)، واتە:- ﴿خوا ئارمگرانی خۆش دەوێت(١٤٦) ﴾.

هەروەها پێغەمبەرمانﷺ دەفەرموویێت:- {الْصَّبْرُ عِنْدَ الْصَّدْمَةِ الأُولَى}[٦]،

٦- أخرجه مسلم، ٩٦٢.

**واتە:- {ئارامگرتن لە سەرەتای نارەحەتیدا دەردەکەوێت}.**

**لەبەر ئەوە خوشك و برای بەڕێزم هەوڵ بدە لە كار و كرداری ڕۆژانەتدا زۆر ئارامگر بیت، وە بەتایبەت لەكاتی تورە بونتدا لەسەر خۆبەو بەسەر تورەییەكەتدا زاڵبە، وە پەنا بگرە بە خوای بالادەست لە شەیتانی بێزراو و دەركراو لەرەحمی خودا.**

## ٦- دەمە قاڵە نەكردن (البعد عن المناقشة):-

**یەكێكی تر لەو هۆكارانەی دەبێت مرۆڤ خۆی لێ بەدوور بگرێت، بۆ ئەوەی لەبەر چاوی خەڵكیدا سوك نەبێت و ڕێز و شكۆی بگیرێت و لای خەڵكی خۆشەویست و ڕەوشت جوان دەركەوێت، كە ئەم هۆكارە بووەتە خۆرە لەناو خەڵكیدا لەم سەردەمەی ئێستاماندا، لەهەر شوێنێك دەبینیت دوو كەس یاخود دوو ئەحزابی سیاسی یان دوو عەشیرەت بووەتە موناقەشەیان لەسەر شتێك كە هیچ پێویست نیە لەم ڕۆژەدا وە بەو هۆیەوە بوختان و غەیبەتێكی زۆر دەكەن و قسەی نەشیاو بەیەكتری دەڵێن و لەناو خەڵكیشدا سووك دەبن و خەڵكیش پێیان پێدەكەنن و گاڵتەیان پێدەكەن، چونكە شەیتان گەرمتری كردوون لەقسەی نەشیاو بەیەكتر نازانن كە ئەو موناقەشەیە هیچ سودێكی نیە بۆ هیچیان نە لە دونیا وە نەلە ئاخیرەتیشدا، خۆ موناقەشەی زانستی دوو كەسی عالم لەسەر بابەتێكی شەرعی گرفتێكی تێدا نیە ئەگەر لەسەر خۆ و هێمنانە گفتو گۆ بكەن وە ڕێزی یەكتری بگرن و لەیەكتر تێبگەن، نەك لەسەر كەناڵكی ئاسمانی لەبەر چاوی عالەم لەبەرچاو خوێنەوار و نەخوێنەوار موناقەشە بكەن لەسەر بابەتێكی سیاسی یاخود شتێكی جوزئی بچوك كە ئەو تورەبوون و خۆ تێكدانەی ناوێت دڵی یەكتر برە نجێنن.**

**وە پێغەمبەرمان ﷺ فەرموویەتی:-** {أَنَا زَعِيمٌ بِبَيتٍ فِي رَبْضِ الْجَنَّةِ لِمَنْ تَرَكَ المِرَاءَ وإِنْ كَانَ مُحَقّاً}(٧)، **واتە:- {من كەفالەتی كۆشكێك لە قەراغی بەهەشتدا دەكەم**

---

٧- أخرجه أبو داود في السنن(٤٨٠٠)، وحسنه الشيخ الألباني في(سلسلة الأحاديث الصحيحة)، و صححه الإمام النووي في(رياض الصالحين).

بۆ ئەوكەسەی واز لە موناقەشەو دەمەقالە كردن بهێنێت، ئەگەر چی لەسەر حەقیش بێت}.

كەواتە خوشك و برای خۆشەویستم خۆتان بەدوور بگرن لە دەمەقالەو قسەی نەشیاو بەیەكتری لەسەر شتانێكی دونیایی بێسود بۆ ئەوەی لەناو خەڵكیدا هەر بەڕەوشت جوانی و بەڕێزی بمێننەوە.

## ٧- پاكیەتی و ڕاستگۆیی(العفة):-

ئەمەش یەكێكی ترە لەو كارانەی مرۆڤ دەتوانێت خۆی پێ بناسێنێت و ڕەوشتی خۆی پێ جوانتربكات، ئەویش پاكیەتی و ڕاستگۆییە لەكردارو گوفتارو مامەڵەی ڕۆژانەدا، سەر ڕاست بێت و درۆ نەكات چونكە پێغەمبەر ﷺ دەفەرموویت:- {ئومەتی من درۆناكات}، وە هەمووكات هەوڵ بدەیت كەوەعدێك یاخود مەوعیدێكت دانا لەكاتی خۆیدا بیگەیەنیتە جێ و ئامادە بیت، وە كاتێك كارێكت بۆ كەسێك كرد ئەگەر ئەوكەسە خۆشی لەوێ نەبێت تۆ ڕاستگۆبیت و كەمی لەكارەكەتدا نەكەیت وەك ئەوە ئەنجامی بدەیت كەخۆی لەوێ بێت، هەموو ئەمانە هۆكارن كەمرۆڤ دەتوانێت بەهۆیانەوە كارێك بكات خەڵكی پەنجەی پاكیەتی و ڕاستگۆیی بۆ ڕابكێشن، هەروەكو چۆن پێغەمبەرمان ﷺ ڕاست و دەست پاك بوو لەیەكەم كاری بازرگانیدا بۆ(خاتووخەدیجەی) دایكمان (رضي الله عنها)، وە ناسناوی ڕستگۆو دەستپاكیی پێبەخشرابوو بەهۆی ڕاست گۆیی لەكارەكەیدا، وە پێغەمبەرمان ﷺ دەفەرموویت:- {الْمُسْلِمُ مَنْ سَلِمَ الْمُوسْلِمُونَ مِنْ لِسَانِهِ وَيَدِهِ}[٨] واتە:- {موسوڵمان ئەو كەسەیە كە خەڵكی بێوەی و سەلامەت بن لە دەست و زوبانی}، جا هەركەسێك بیەوێت دەتوانێت بە پاكیەتی و دەستپاكی و ڕستگۆیی خۆی ڕەوشت جوان بكات.

٨- أخرجه مسلم، ج١، ص٦٥، حديث٤٠.

## ٨- دوعاو پاڕانەوە (الدعاء):-

یەکێکی تر لەو هۆکارانەی مرۆڤ دەتوانێت خۆی پێ برازێنێتەوە بریتیە لە(دوعا)، دوعا کردن و پاڕانەوە لە خوا ، دەرگایەکی زۆر نزیکە بۆ مرۆڤ لەنێوان خۆی و خوادا کە دەتوانێت بێ هیچ بەربەستێك داخلی ببێت، وە دەرگایەکی گەورەیە بۆ بەندەکان تا بتوانن خۆیانی پێ جوان بکەن، خوای گەورە کاتێك بەندەکانی خۆش دەوێت و لێیان ڕازییە داوای شتێکی لێ بکەن لەڕزق و ڕۆزیی حەلاڵ، وە تا بەندە دوعای زیاتر بکات و داوای زۆرتر بکات لای خوا خۆشەویسترە، بە پێچەوانەیشەوە گەر بەندەیەك لەخوا نەپاڕێتەوە و دوعا نەکات ئەوە خوای پەروەردگار لێی تورە دەبێت، وە پێغەمبەرمانﷺ {اللَّهُمَّ اهْدِنِي لِأَحْسَنِ الْأَخْلَاق، لَايَهْدِي لِأَحْسَنِهَا إِلاَّ أَنْتَ، وَاصْرِفْ عَنِّي سَيِّئَهَا، لَايَصْرِفُ عَنِّي سَيِّئَهَا إِلاَّ أَنْتَ}[٩]. واتە:- {خودایە هیدایەتم بدە بۆ جوانترین ڕەوشت، کەس ناتوانێت هیدایەتم بدات و ڕەوشتم جوان بکات بێجگە تۆ نەبێت، وە ڕەوشتە خراپەکان بگۆڕە لەسەرم، چونکە کەس ناتوانێت ڕەوشتی خراپ بگۆرێت لەسەرم بێجگە تۆ نەبێت}.

هەروەها دەیفەرموو:- {اللَّهُمَّ جَنِّبْنِي مُنْكِرَاتِ الْأَخْلَاقِ، وَالْأَهْوَاءِ، وَلْأَعْمَالِ، وَالْأَدْوَاءِ}[١٠].

واتە:- {خودایە بم پارێزە لەو ڕەوشتانەی خۆت نەهیت لێکردوون، وە لەوخولیاو کردەوەو دەواکانەی خراپن }.

وە دەیفەرموو:- {اللَّهُمَّ إِنِّي أَعُوذُ بِكَ مِنَ الْهَمِّ وَالْحَزَنْ، وَالْعَجْزِ وَالْكَسَلْ، وَالْبُخْلِ وَالْجُبْن وَضَلَعِ الدَّينِ وَغَلَبَةِ الرِّجَال}[١١].

واتە:- {خودایە پەنات پێ دەگرم لە خەم و پەژارووە بێتاقەتی و بێتوانایی و تەمبەڵی و ڕەزیلی و ترسنۆکی و زۆری قەرزاری و زاڵ بوون و دەسەڵاتی کەسانی نەزان و نەفام لەفیتنەدا}، کەواتە ئەی خوشك و برای بەڕێزم هەمووکات داوا لە خوابکە لەخۆشیدا

---

٩- أخرجه المسلم(٧٧١).

١٠- أخرجه الحاكم(١\٣٥٢) ووافقه الذهبي.

١١- أخرجه البخاري(١٥٤)، و مسلم(٤\٢٠٩٢).

سوپاسی خوابكە وە لەناخۆشیدا هەرداوای ڕزگاربوون لەخوابكە، وە دڵنیابە خوای پەروەردگار و بەڕەحم هەرگیز بێتاقەت نابێت لە پاڕانەوە و دوعای عەبدەكانی.

## ٩- هەوڵدان و تێكۆشان (المجاهدة):-

هۆكارێكی تر هەوڵدان و تێكۆشان و ماندوو نەبوونە لە پێناو بەدەستهێنانی ئامانج و ویستی خۆتدا جا تێكۆشان لەدونیادا بێت بۆكردەوەی چاك، یان بۆ ئاخیرەت بێت وەكو خوای گەورە دەفەرمووێت:- ﴿ وَٱلَّذِينَ جَٰهَدُواْ فِينَا لَنَهۡدِيَنَّهُمۡ سُبُلَنَاۚ وَإِنَّ ٱللَّهَ لَمَعَ ٱلۡمُحۡسِنِينَ ٦٩ ﴾ العنكبوت:( ٦٩)، واتە:- ﴿كەسانێك لە پێناو ڕەزامەندی ئێمەدا تێكۆشانیان كردوە بەڕاستی ڕێنمونیان دەكەین بۆ ڕێیازەكانی خۆمان وە بێگومان خودا لەگەڵ چاكەكارندایە﴾.

لەبەرئەوە هەرگیز ماندوو مەبەو تێبكۆشەو ئامانجەكەت بەدەست بێنە ، خزمەت بە گەل و نیشتیمان و موسوڵمانان بكە، بەم شێوەیە خودای گەورە جوان و ڕێزدارت دەكات لەلای بەندەكانی خۆی، ئەوەش بزانە تێكۆشان لە پێناو خواداا عیبادەتە وەكو خوای گەورە دەفەرمووێت:- ﴿ وَٱعۡبُدۡ رَبَّكَ حَتَّىٰ يَأۡتِيَكَ ٱلۡيَقِينُ ٩٩ ﴾ [الحجر: ٩٩]، واتە:- ﴿پەروەردگارت بپەرستە هەتا مردن یەخەت پێدەگرێت﴾، واتە:- لەدوای مردن پەروەردگار چاكەكانت بە پاداشت دەداتەوە و لێی وون نابێت.

## ١٠- بەخۆدا چوونەوە(المحاسبة):-

ئەم هۆكارە كاریگەرییەكی ئەرێنی باش دروست دەكات لەسەر مرۆڤ بۆیە زۆر گرنگە مرۆڤ موحاسەبەی نەفسی خۆی بكات و بزانێت چی ووتوە و چی كردوە ،وە بەخۆیدا بچێتەوە و دوای شەیتان نەكەوێت و ببێتە عەبدی شەیتان، كاتێك كارێكی خراپی ئە نجام دا بەخۆیدا بچێتەوەو موحاسەبەی خۆی بكات تا جارێكی تر دووبارەی نەكاتەوە {حَاسِبُواْ أَنْفُسَكُمْ قَبْلَ أَنْ تُحَاسَبُواْ}[١٢]، واتە:-{موحاسەبەی نەفسی خۆتان بكەن پێش ئەوەی موحاسەبە

١٢- مصنف ابن أبي شيبة، حديث(٣٤٤٥٩)، ج٧، ٩٦.

بکرێن}.

هەوڵ بدە شەوانە پێش ئەوەی بخەویت موحاسەبەیەکی خۆت بکەیت ئەگەر کارێکی هەڵەت ئەنجام دابوو ئەوا سەرزەنشتی خۆت بکە تا دووبارەی نەکەیتەوەو نەچیتەوە سەری، تا خەڵکی بزانن تۆ کەسێکی بەو جۆرە نیت.بەڵکو هەڵەیەکت کردووەو پاشان خۆت چاکت کردووە.

## ١١- تێڕوانین لەسزای ڕەوشتی خراپ (النظر في عواقب سوء الخلق):-

مرۆڤ دەتوانێت بەهۆی وورد بوونەوە و سەرنجدان لەڕەوشتی خراپ و سزاکانی ڕەوشتی خراپەوە خۆیانی لێ بەدوربگرێت و پێچەوانەی ئەوانە ئەنجام بدات، کە ڕەوشتی چاك و جوان و پاکە، گەر بڕوانین و وردبینەوە لە قورئان و فەرموودەکانی سەرووەرمان محمدﷺ دەبینین چۆن بۆی باس کردوین کەپاداشتی خراپەکاران چۆن دراوەتەوە لەگەلانی پێش ئێمەدا وە ئاگاداری کردوینەتەوە لێیان تاخۆمانی لێ بپارێزین، چونکە سزاو ئازاری ناو دۆزەخ زۆر قورس و سەخت و گرانە، ئێمە ناتوانین بەرگەی بگرین دەی بالەئێستاوە بڕیار بدەین خۆمانی لێ بەدووربگرین و کردەوەی چاك ئەنجام بدەین بۆ ئەوەی وەکو أبو طالیب قیامەتمان نەچێت کە دەیتوانی تەنها بەیەك شایەتومان خۆی لەو سزاقورسەی دۆزەخ ڕزگار بکات بەلاّم نەیکرد، با ئێمە فریای خۆمان بکەوین.

## ١٢- خۆت بپارێزیت لەوەی بێ هیوابی لە چاککردنی نەفسی خۆت(الحذر من اليأس من إصلاح النفس):-

ماندوو نەبیت و بەردەوام بیت لەچاککردنی نەفسی خۆت، وە ئاگادار بیت لەوەی نەفست توشی تاوانت بکات، وەکو کوردەواری وتویانە:- (**نەفس بیگریت پڕ مشتێکە، وە دەستی لێ بەریدەیت پڕ دەشتێکە**).

وە إمامی شافعی (رحمه الله) دەڵێت:-

نەفست مەشغوڵ بکە بەکاری چاکەوە-

ئەگەرنا مەشغوڵت دەکات بەکاری خراپەوە.

پێویستە لەسەرمان هەرکەس بۆخۆی پێدا چونەوە بکات بەنەفسی خۆیدا و سەرزەنشتی نەفسی خۆی بکات هەموو شەوێك، یاخود هەفتەی جارێك وەیان لانیکەم مانگی جارێکیش بێت، بۆ ئەوەی نەفس لەڕێ لایدا بیگێڕیتەوە سەر ڕاستە ڕێی خۆی، وە نەیەڵێت نەفست زاڵ بێت بەسەرتدا، وە داوابکەیت لەخوای پەروەردگار و بڵێیت: خودایە نەمدەیتە دەست نەفسی خۆم، وە وورەت بەرز بێت و بێ هیوا نەبیت لەوەی کەناتوانیت نەفسی خۆت چاك بکەیت، بەڵکو خوای پەروەردگار بمان پارێزێت و بە میهرەبانیی خۆیمان لەگەڵ بکات.

## ١٣- ورە بەرزی (علو الهمة):-

هەرکەسێك بیەوێت بگات بەئامانج و دەستکەوتێك یان بیەوێت خۆی جوان بکات لەلای خودا پاشان لەلای خەڵکی دەبێت ورەیەکی بەرزی هەبێت، وە ئارام بگرێت لەسەر ئەو تاڵی و ناڕەحەتیانەی دێنە سەر ڕێی، جارێك ناڕەحەتییەك هاتە ڕێی واز نەهێنێت و نەڵێت من پیاوی ئەم مەیدانە نیم و ناتوانم چونکە وەکو ئەو پیاوەی لێدێت، وەکو دەڵێن:- ( پیاوێك دەچێت بۆ کێوێك بیستویەتی کە زێڕ و زیوی تێدایە زۆر هەوڵ دەدات و ماندوو دەبێت لە پیك وەشاندن لە کێوەکە، پاشان واز دێنێت و متمانەی بەخۆی نامێنێت و واهەست ئەکات ئەوەی ئەم بیستویەتی ڕاست نییە لەکاتێکدا تەنها یەك پیك مابوو لێی بدایە نازوو نیعمەت ئەڕژا بەسەریدا، لەبەر ئەوەی بێ هیوابوو و وازیهێنا نەگەشت بە ئامانجی خۆی)، دەی تۆ ئەو کەسەبە ماندوو مەبە بۆ ئەوەی بگەیت بە ئامانجی خۆت، دڵنیابە خودای پەروەردگار کارت بۆ ئاسان ئەکات، وە هەمیشە ورەت بەرز بێت و پشت بە خودای تاك و تەنها قایم بێت، بەم جۆرە ماندوو بوون بەدوای ڕزقی حەڵاڵدا و دەست پان نەکردنەوە لە خەڵکی مرۆڤ خۆشەویست دەبێت لەلای خوای پەروەردگار وە لای خەڵکیش خۆشەویست و ڕەوشت بەرز دەبێت و ڕێزی لێ دەگیرێت.

## ١٤- نیشاندانی ڕوخسار بەڕوو خۆشی( تكليف البشر الطلاقة):-

**هەوڵ بدە بەڕوخسار و دەموچاوێکی ڕوو خۆش و دەم بەخەندە ڕووبەڕوی خەڵکی بڕۆیت و مامەڵەیان لەگەڵدابکەیت، خۆت بەدووربگریت لەڕووگرژی و ڕەزاگرانی و بێتاقەتی بەرامبەر بەخەڵکی، کەبێتاقەتیەکیشت هەبوو لەشتێکدا خەڵکی تری پێ بێزارنەکەیت هەربۆیە پێغەمبەرمان ﷺ دەفەرموویت:-**{تَبَسُّمُكَ فِي وَجهِ أَخِيْكَ صَدَقَةٌ}[١٣]، **واتە:- {دەم بەخەندەبوونت لەبەرامبەر براکەتدا چاکەیە}.**

**وە هەروەها دەفەرموویت:-** {لاتَحْقِرَنَّ مِنَ الْمَعْرُوفِ شَيْئَاً وَلَوا أَنْ تُلْقِيَ أَخَاكَ بِوَجِهٍ طَلِقٍ}[١٤]، **واتە:- (لەچاکەدا هیچ شتێك بەکەم سەیر مەکە ئەگەر ئەوەش بێت کە بەڕوویەکی خۆش و دەم بەخەندە سەیری براکەت بکەیت}.**

**وە دەنگ بەرز نەکردنەوە لە پێکەنیندا، هەروەکو یەکێك لە ئامۆژگارییەکانی لوقمانی حەکیم بۆ کوڕەکەی دەفەرموویت:-** ﴿ وَٱقۡصِدۡ فِي مَشۡيِكَ وَٱغۡضُضۡ مِن صَوۡتِكَۚ إِنَّ أَنكَرَ ٱلۡأَصۡوَٰتِ لَصَوۡتُ ٱلۡحَمِيرِ ١٩ ﴾ لقمان: (١٩)، **واتە:- ﴿لە ڕۆیشتنندا مام ناوەندی بە(نەهێواش و نەپەلە)، وە لەقسە کردندا دەنگت نزم بکەرەوە چونکە بەڕاستی ناخۆشترینی دەنگەکان دەنگی (سەرەی) گوێدرێژە﴾.**

**بەڕوو خۆشی و دەم بەخەندەیی دەتوانیت خەڵك لەخۆت ڕازی بکەیت وەلای خەڵکی خۆشەویست دەبیت، هەمووکات دەم بەخەندە و ڕووخۆش بە، بەلاَم نەك پێکەنینی بەقاقا لێدان، ئەوە نەك ڕەوشت جوان بەڵك و ناشرینیشت دەکات.**

---

١٣- أخرجه ترمذي(٩٥٦)، وقال: هذا حديث حسن غريب، و صحيح الجامع(٢٩٠٥).

١٤- أخرجه مسلم (٢٦٢٦).

## ١٥- وازهێنان و دووركەوتنەوە لە نەزانی و نەفامی (الإعراض عن الجاهلين):-

هەوڵدان بۆ دوور كەوتنەوە لەكارو كرداری كەسانی نەزان و نەفام و كوێرانە شوێن نەكەوتنیان، واتە باوو باپیرانی پێشینان چییان ووتبو وە چییان كردبوو بڵێین وایەو لەسەر ئەو ڕێگەیە لانەدەین وە ئەو كارانەی نەشیاون لەگەڵ شەرع و عەقڵدا ناگونجێن، هەربۆیە خوای پەروەردگار دەفەرموویێت:- ﴿ خُذِ ٱلْعَفْوَ وَأْمُرْ بِٱلْعُرْفِ وَأَعْرِضْ عَنِ ٱلْجَٰهِلِينَ ١٩٩ ﴾ (الأعراف: ١٩٩) واتە:- ﴿كاری ئاسان لەخەڵكی داوا بكە و چاوپۆشی لە هەڵەو كەمووكوڕییەكانیان بكەو فەرمان بدە بەچاكەو و كردەوەیەك كە پەسەندی شەرعە، ڕووش وەرگێڕە و پشتبكە لەنەفام و تێنەگەشتوان﴾.

دووركەوتنەوە لە نەزان و جاهیل شكۆو گەورەیی مرۆڤ نیشان دەدات و مرۆڤ پێی گەورە و ڕەوشت جوان دەبێت.

نەزانە ئەوكەسەی كە پێی وایە هەموو شتێك دەزانێ،
وە زانایە ئەو كەسەش كەئەزانێ هەموو شتێك نازانێ.

لەهەموو مەجلیسێكدا خۆت هەڵمەقورتێنە وە لەهەموو شتێكدا خۆت بەزانا مەزانە وە تا پرسیارت لێنەكرێت وەلام مەدەرەوە، خەڵكی لەخۆت بەشارەزاتر بزانە تا ئەو كاتەی دڵنیا دەبیت كە ئەوكەسە بەقەدەد تۆ شارەزا نیە، پاشان قسەی حەكیمیانە دانایانە بكە.

## ١٦- وەرگرتنی ئەو ئامۆژگاریانەی ئەتگەیەننە ئامانج (قبول النصح الهادف):-

گوێڕایەڵیكردنی كەسانی شارەزاوتێگەیشتوو یەكێكی ترە لەو هۆكارانەی مرۆڤ دەتوانێت خۆی پێ جوان و ڕەوشت بەرز بكات، كاتێك دەتەوێت كارێك ئەنجام بدەیت یان

دەتەوێت بگەیتە ئەنجامی كارێك لەدوای متمانە بەخۆبوون پرس و ڕاوەرگرتنی كەسانی شارەزا و زیرەك و بەتواناییە لەو كارەدا دەتەوێیت تێیدا بگەیتە ئامانج، لەبەر ئەوە قەت وامەزانە كەتۆ هەموو شتێك دەزانیت و كەس ناتوانێت وەك تۆبێت، چونكە دەتوانیت بەگوێگرتن لە كەسانی حەكیم و شارەزا ئامانجەكەت جوانتر بكەیت، كاتێك ئامۆژگاریشت كرا پێتخۆش بێت و دڵنیابە سوودی لێوەردەگریت، بێجگە لە ئامۆژگاری شەیتان، وەك پێغەمبەرمانﷺ دەفەرموویت:- {الدِّيْنُ الْنَّصِيْحَةُ}(١٥)، واتە:-{ئاینی خوای گەورە ئامۆژگارییە}، ئامۆژگارییە بۆ ئەو كەسەی دەیەوێت تێی بگات و بیربكاتەوە، كەواتە:-

**هیچ كارێك بیٚ پرس و ڕا وەرگرتن ئەنجام مەدە**

**وە بەتەواوی بیر بكەرەوە ئینجا بڕیار بدە.**

## ١٧- گەیاندنی خزمایەتی(صلة الرحم):-

سەردانیكردنی خزم و دۆست و دراوسیٚ و كەسە نزیك و هاورێكانت یەكێكە لەهۆكارە زۆر گرنگەكان كەدەبێت بەجیٚ بگەیەنرێت و درێخی تێدا نەكرێت وەكو پێغەمبەر ﷺ دەفەرموویت:- {عَنْ أَبِي أَيُّوبَ رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ، أَنَّ رَجُلًا قَالَ لِلنَّبِيِّ ﷺ: أَخْبِرْنِي بِعَمَلٍ يُدْخِلُنِي الْجَنَّةَ، قَالَ: مَا لَهُ، مَا لَهُ، وَقَالَ النَّبِيُّ ﷺ: أَرَبٌ مَا لَهُ تَعْبُدُ اللَّهَ وَلَا تُشْرِكُ بِهِ شَيْئًا، وَتُقِيمُ الصَّلَاةَ، وَتُؤْتِي الزَّكَاةَ، وَتَصِلُ الرَّحِمَ}(١٦)، پیاوێك هاتە لای پێغەمبەرﷺ پێی وت هەواڵم پێبدە بە كردەوەیەك بیكەم و بمباتە بەهەشتەوە، فەرمووی:- ئاگاداری ماڵەكەتبە دوو جار، وە فەرمووی:- خوا بپەرستەو هیچ هاوەڵێكی بۆ بڕیارمەدە، وە نوێژ بەرپا بكەو چاك ئەنجامی بدە، زەكاتیش لە ماڵەكەت دەربكە، وە پەیوەندی خزمایەتی بەجیٚ بگەیەنە}، واتە ئەمانە سیفاتی بەهەشتین، بەلاٚم زۆرجێگای داخە كەئێستا

١٥- المعجم الكبير للطبراني: ج٢، ص٥٢، حديث(١٢٦٠)، ومسند الشافعي: ج١، ص٢٣٣.

١٦- أخرجه البخاري(١٣١٤-١٣٦٩).

گەیاندنی سیلەی ڕەحم و پەیوەندی خزمایەتی زۆرکاڵ بۆتەوە و لەهەندێ شوێنیش نەماوە، ئەمەش هەڵەیەکی گەورەیە لەناومرۆڤەکاندا کەسەردانی یەکترناکەن، لەکاتێکداهەرکە سێك بیەوێت دەتوانێت بەگەیاندنی سیلەی ڕە حم خۆی خۆشەویست و ڕەوشت جوان بکات هەربۆیە پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێت:- {لَايَدْخُلُ الْجَنَّةَ قَاطِعٌ}[١٧] واتە:- {ناچێتە بەهەشتەوە ئەوکەسەی پەیوەندی خزمایەتی بپچڕێنێت}، سەردانی کەسەکانت لەبیرمەکە گەردەتەوێت دڵخۆش و ڕووخۆش و ڕووگەش بیت لای خواو لەناوخەڵکیشدا، کەسەردانت کرد و سەردانت نەکرایەوە مەڵێ ئەون نەهاتن ئێترمنیش ناچم پەیوەندی مەپچڕێنە، دڵنیابە تۆ بەردەوام بیت ئەوخۆی دێتەوە ماڵت، گەر ئەونەشهات تۆخوات لەخۆت ڕازی کردووە.

## ١٨- شەرم وئابڕوو (الحیاء):-

هۆکارێك کەزۆرگرنگ وجەوهەریە وە کرۆکی ڕەوشت جوانیە بریتییەلە(شەرم و ئابڕوو) زۆرجەختی لەسەرکراوەتەوە، وەپێغەمبەرمانﷺفەرموویەتی:- {الْحَيَاءُ شُعْبَةٌ مِنَ الْإِيمَانِ}[١٨]، واتە:- {شەرم و ئابڕوو بەشێکە لەئیمان}، شەرم کردن لەکە سانی بەتەمەن و ڕیش سپی و دایك وباوك و کەسی لەخۆت گەورەتر هەتا لەخۆشت بچوکتر وە مامۆستاکانت، زۆرگرنگە مرۆڤ شەرمی هەبێت بەرامبەریان و ڕێزیان بگرێت، جاپاراستنی شەرم و ئابڕوو لە بەرامبەر کەسانی تردامرۆڤ پێی گەورە دەبێت، بەم ڕێز گرتنە ڕەوشت جوان دەبێت جیاواز لەخەڵکانی ئاسایی سەیردەکرێت وڕێزی لێ دەگیرێت، مرۆڤ دەبێت هەوڵ بدات وە ئاگاداربێت و بزانێت لەگەڵ بەرامبەرەکانیدا چۆن قسە و هەڵسووکەوت دەکات و بەچ ئەدەبێکەوە، بەوە مرۆڤ دەتوانێت خۆی جوان بکات هەرکات ناوی برا خەڵکی وەصفەکانی بێننە بەرچاویان وباسی چاکەی بکەن، ئەوە بزانە بەدەست خۆتە لەبەرچاوی خەڵکی بتەوێت چۆن دەرکەویت بەوشێوەیە دەردەکەویت، ڕێزبگریت ڕێزت دەگیرێت وشەرمت لێ دەکرێت، تۆش چویتە

---

١٧- متفق علیه(١٣٦٨)، سبل السلام.

١٨- صحیح ابن حبان- محققا، ج١، ص٣٨٩.

هەركوێیەك خۆت جوان بكە لەڕەفتاروگوفتارت.

## ١٩- قورئان خوێندن بە تێفكرين تەدەبور و بير كردنەوە لەماناكەى (قراءة القران بتدبر وتعقل):-

خوێندن و خوێندنەوەى قورئان هۆكارێكى گەورەيە بۆجوان كردنى مرۆڤ، بەتێفكرين و بيركردنەوە لە ئايەتەكانى قورئان مرۆڤ فێرى صەبرو ڕەوشت و ئاكارى جوان دەبێت، خواى گەورە دەفەرمووێت:- ﴿ وَإِذَا قُرِئَ ٱلْقُرْءَانُ فَٱسْتَمِعُواْ لَهُۥ وَأَنصِتُواْ لَعَلَّكُمْ تُرْحَمُونَ ٢٠٤ ﴾ الأعراف:(٢٠٤)، واتە:- ﴿ كاتێك قورئان خوێندرا گوێى لێبگرن و بێدەنگيش بن بۆئەوەى خودا ميهرەبانيتان لەگەڵدا بكات ٢٠٤ ﴾، كەواتە گوێ گرتن لەقورئان ياخودخوێندنەوەى قورئان بەهەرپيتێك (١٠) چاكەى بۆدەنوسرێت، هەروەكو پێغەمبەرﷺ دەفەرمووێت:- (خوێندن و خوێندنەوەى قورئان وفەرموودەكانى پێغەمبەرﷺ خواردنى ڕۆحە بۆئەوكەسەى خۆى لە پێناويدا ماندوو دەكات و دەيخوێنێت)، وە دەفەرمووێت:- {خَيْرُكُمْ مَّنْ تَعَلَمَ الْقُرْآنَ وَعَلَّمَهُ}[١٩]، واتە:- { باشترينتان ئەوكەسەيە قورئان فێردەبێت و خەڵكيش فێرى قورئان خوێندنەوە دەكات}، ئەمانە هەموو هۆكارن بۆمرۆڤ گەر بيەوێت فێرى ڕەوشتى جوان ببێت، گەر ويستت ڕەوشتت جوان بكەى وەكو پێغەمبەرمانﷺ بكە، وەكو دايكمان عائيشە(رضي الله عنها) دەفەرمووێت:- {كَانَ خُلُقُهُ الْقُرْآنَ}[٢٠]، واتە:- {ڕەوشتى پێغەمبەر ﷺ قورئانى بوو}، گەر بتەوێت دەتوانيت بەقورئان ڕەوشتى خۆت جوان بكەيت هەوڵ بدە وەك پێغەمبەرەكەت بكەﷺ تا لە قيامەتيش لەنزيكى ئەو بيت.

---

١٩- مختصر صحيح البخاري(٢٠٢٨).

٢٠- صحيح: مسند أحمد الرسالة(٢٥٨١٢)، ج٤٣، ص١٥.

## ٢٠- پاككردنەوەی نەفس بە گوێڕایەڵی كردن و بەجێ گەیاندنی فەرمانەكانی خوای بالآدەست (تزكية النفس بالطاعة):-

هەموو مرۆڤێك پێویستی بەوەیە خۆی پاك بكاتەوە لە چڵك وپیسی، ئەویش دووجۆرە:-

١- جۆرێكیان چڵك و پیسی ئاشكرای كە بەرِوخسارو لاشەی مرۆڤەوە دیارە

٢- جۆرێكی تریان شاراوەیە:- كە ناخ پیسی مرۆڤە ناو دڵ و جەستەی ناوەوەی مرۆڤ پیس دەكات، بۆیە هەموومان پێویستمان بەعیبادەتی خوای گەورە هەیە، جا (نوێژ یان ڕۆژوو و یادی خوا یان حەج یاخود زەكات یان خێرو چاكە كردن) بەمانە مرۆڤ دەتوانێت خۆی پاك بكاتەوە هەم دەرەكی و هەم ناوەكی، لەگەڵ ئەمانەشدا مرۆڤی موسوڵمان خۆی بەدوور بگرێت لەو هۆكارانەی ناخی مرۆڤ پیس دەكات وەكو( حەرام خۆری و نەزەر و زینا و غەییەت و بوختان و خۆسەرخۆشكردن)، وەك خوای گەورە:- ﴿ قَدۡ أَفۡلَحَ مَن تَزَكَّىٰ ﴿١٤﴾ ﴾ الأعلى: (١٤)، واتە:-

﴿بەڕاستی سەرفراز بوو ئەوەی خۆی پاك ڕاگرت ﴾، لەئایەتێكی تردا دەفەرموێت:- ﴿ قَدۡ أَفۡلَحَ مَن زَكَّىٰهَا ﴿٩﴾ ﴾ الشمس(٩)، واتە:- ﴿ بەڕاستی ڕزگاری بوو ئەو كەسەی نەفسی خۆی پاككردەوە ﴾، هەوڵبدە نەفسی خۆت پاك بكەیتەوە بەمەش دەبیتە كەسێكی ڕەوشت جوان و پاك لەلای خواو پاشان خەڵكیش.

## ٢١- خوێندنەوەی ئەو كتێبانەی دەربارەی ڕەوشت جوانی نوسراون (قراءة كتب الشمائل والكتب في الأخلاق):-

یەكێكی تر لەو خاڵانە بۆ ڕەوشت جوان كردنی مرۆڤ خوێندنەوەی ئەو كتێبانەیە كەلەسەر ڕەوشت جوانی نوسراون، چەندین كتێبمان هەیە هەركەس بیەوێت پەیدایان بكات و سودیان لێ وەربگرێت، وە چەندین زانای گەورە لەكتێبەكانیاندا باسی ڕەوشت جوانیان كردوە، داواكارین لەخوای گەورە بیكاتە توێشوی قیامەتیان، هەندێك لەو سەرچاوانەش

**دەتوانین سودی لێ وەربگرین بریتین لە:-**

١-كتاب الشمائل المحمدية للترمذي.

٢- كتب الأدب من الصحاح والسنن.

٣- أدب الدنيا والدين للماوردي.

٤- روضة العقلاء والنزهة الفضلاء لابن حبان.

٥- بهجة المجالس وأنس المجالس، وشحذ الذاهن والهاجس لابن عبد البر.

٦- رسائل الإصلاح لمحمد خضر حسين.

٧- الآداب الشرعية والمنح المرعية لابن مفلح.

٨- عيون الأخبار لابن قتيبة.

**وە كتێبی تریشمان زۆرە لەسەر ڕەوشت جوانی.**

**هەركەس ویستی لێی بێت بیان خوێنێتەوە دوو سود وەردەگرێت لەخوێندنەوەی ئەم كتێبانە:-**

**١-فێری خوێندنەوە و خێرا خوێندنەوە دەبێت.**

**٢-فێری چەندین ڕەوشتی جوان دەبێت.**

**ئەی ئەوكەسەی دەتەوێت ڕەوشتت جوان بكەیت خوێندنەوە لەیاد مەكە بەتایبەت كتێبی ڕەوشت جوانی و ڕەوشت بەرزی.**

## ٢٢- بڵاو كردنەوە سەلام (إفشاء السلام):-

**سەلام لەیەكتركردن و بڵاو كردنەوەی سەلام كردن ڕێگایەكی زۆر ئاسانە بۆ ئەوەی گەر بتەوێت خۆت خۆشەویست بكەیت لای خەڵكی، بەمەرجێك لەبەر خوا سەلامی لێ بكەیت و خۆشت بوێت، وە پێغەمبەرﷺ دەفەرموێت:-** {يَا أَيُّهَا النَّاسُ أَفْشُوا السَّلَامَ، وَأَطْعِمُوا الطَّعَامَ، وَصِلُوا الْأَرْحَامَ، وَصَلُّوا بِاللَّيْلِ وَالنَّاسُ نِيَامٌ، تَدْخُلُوا الْجَنَّةَ بِسَلَامٍ}[٢١]، **واتە:- {ئەی خەڵكینە! سلاو بڵاو بكەنەوە، خواردن بدەن بەخەڵكی، پەیوەندی خزمایەتی**

---

٢١- صحيح: أخرجه إبن ماجه (١٣٣٤).

**بەجێ بگەیەنن، بەشەو نوێژ بکەن کەخەڵکی خەوتوە، بەسەلامەتی دەچنە بەهەشتەوە}، سەلام کردن سۆز و ڕەحم زیاد دەکات بەرامبەر بەیەکتر، بەم شێوەیەش مرۆڤ دەبێت بەکەسێکی ڕەوشت بەرز و ئاکار جوان، وە پێغەمبەر ﷺ دەفەرموویێت:-** {لَا تَدْخُلُونَ الْجَنَّةَ حَتَّى تُؤْمِنُوا، وَلَا تُؤْمِنُوا حَتَّى تَحَابُّوا أَوَلَا، أَدُلُّكُمْ عَلَى شَيْءٍ إِذَا فَعَلْتُمُوهُ تَحَابَبْتُمْ، أَفْشُوا السَّلَامَ بَيْنَكُمْ}[٢٢]، **واته:- {ناچنە بەهەشتەوە هەتا بڕوا نەهێنن، وە نابنە باوەڕدار هەتا یەکترتان خۆش نەوێت، ئایا من شتێکتان فێر بکەم ئەگەر ئەنجامی بدەن یەکترتان خۆش بوێت؟ سەلام بڵاو بکەنەوە لەناو خۆتاندا و سەلام لەیەکتری بکەن}، ئاینی ئیسلام بەم شێوەیە فێری ڕەوشت جوانیمان دەکات و برایەتیمان پتەو دەکات، چەند جوانە گەشتیتەوە ناو ماڵ و منداڵەکانت یان لای خێزانت، یاخود لای دایك و باوکت و خوشك و برات سەلامیان لێ بکەیت، بێگومان بەم شێوەیە مرۆڤ دەتوانێت ڕەوشتی خۆی جوان بکات وە دەورو بەرەکەی ڕێزی لێ بگرن.**

## ٢٣- دان نان بەهەڵەی خۆتدا (التسليم بالخطأ):-

**هەموو مرۆڤێك شایەنی ئەوەیە هەڵە بکات، بێجگە لە پێغەمبەران**(عليهم الصلاة والسلام) **کە مەعصومن لەهەڵە، هەموو کەسێکیتر لە ئادەمیزاد شایستەی هەڵەیە، چونکە** (إنسان) **لە** (نسی) **یەوە وەرگیراوە، واته مرۆڤ تووشی لەبیرچونەوەو هەڵە دەبێت، بەڵام ئەو کەسە ژیر و عاقڵە هەڵەی کەسانی تر دووبارە نەکاتەوە مادەم هەڵە بێت لەگەڵ ئەوەشدا دان بنێت بەهەڵەی خۆیدا و خۆی لووت بەرز و موتەکەبیر نیشان نەدات و خۆی بەکەم بزانێت لەبەرامبەر خەڵکیدا، باشترین کەس ئەو کەسەیە بەچاك بڵێت چاکە وەبەخراپەش بڵێت هەڵەیەو خراپە، وە نەگەڕێتەوە سەرهەڵەی پێشوی کەئەنجامی دا، هەوڵ بدات کەمترین هەڵەش بکات کە هەڵەیەکی کرد داوای لێبوردن بکات لەو هەڵەی ئەنجامی دا، بەم شێوەیەش مرۆڤ لەناو خەڵکیدا ڕاستگۆ و سەربەرز و ڕەوشت بەرز دەبێت، هەوڵ بدە لەکاری ڕۆژانەت دا**

---

٢٢- أخرجه مسلم(٥٤)، و أبو داود (٥١٩٣)، والترمذي(٢٦٨٨).

ئینكاری نەكەیت،

هەروەكو پێغەمبەرﷺ فەرموویەتی:- {كُلُّ ابْنِ آدَمَ خَطَّاءٌ، وَخَيْرُ الْخَطَّائِيْنَ التَّوَّابِينَ}(٢٣)، واتە:- {هەموو مرۆڤێك هەڵە دەكات، باشترینیان ئەو كەسانەن تەوبە دەكەن و پەشیمان دەبنەوە لە هەڵەكانیان}.

لەبەر ئەوە:- گرنگ ئەوە نیە هەڵە بكەیت بەڵكو گرنگە ئەوەیە دان بەهەڵەكەتدا بنێیت.

## ٢٤- بەخشندەو دەستكراوە (السخاء):-

یەكێكی تر لەو خاڵە جەوهەرییانەی مرۆڤ دەتوانێت خۆی پێ جوان بكات و خۆی پێ برازێنێتەوە بریتیە لە (بەخشین و دەست كراوەیی و دڵ سەخاوەتی بەڕوی هەژار و نەدار و فەقیردا)، دەست بڵاوی پێچەوانەی دەست قونجاوی و دوژمنایەتی و بەربەرەكانێیە، كاتێك كەسێك شتێك دەبەخشێت هەرشتێك بێت لە پێناوی خوادا بیبەخشێت، جا بۆ ماڵ و منداڵی خۆی بێت یاخود خزمەنزیكەكانی خۆی بێت وەیان بۆ هەژارو بێباوك و فەقیر بێت، بەو بەخشینە مرۆڤ دڵی ئارام و مورتاح دەبێت و دڵخۆشی روی تێدەكات وە چەندی بەخشیوە خوای گەورە لەوەندە زیاتری پێ دەبەخشێتەوە، بەس ئەو بەخشینە لە پێناوی خوادا بوبێت نەوەك بۆ ریا بوو بێت یان بۆ ئەوەی خەڵكی بڵێن كەسێكی دڵ سەخاوەتە، وە مەبەستی وەرگرتنی هیچ شتێك نەبێت لەبەرامبەریدا نەسوپاس كردن نە وەرگرتنەوەی، بەڵام ئەوكەسەی ڕەزیل و دەست قونجاوە و نابەخشێت و سەرووەتیشی هەیە وە چاوی بۆ هەموو شتێك دەگێرێت تا بیكاتە ماڵی خۆی ، ئەوكەسە ڕەنجەڕۆ و ماڵ وێران دەبێت لە دونیادا وە هەم لە قیامەتدا وە سزای زۆر بە ئازار دەچێژێت، بۆیە خوای پەروەردگار دەفەرموێت:- ﴿وَمَثَلُ ٱلَّذِينَ يُنفِقُونَ أَمْوَٰلَهُمُ ٱبْتِغَآءَ مَرْضَاتِ ٱللَّهِ وَتَثْبِيتًا مِّنْ أَنفُسِهِمْ كَمَثَلِ جَنَّةٍۭ بِرَبْوَةٍ أَصَابَهَا وَابِلٌ فَـَٔاتَتْ

٢٣- سبل السلام، ج٢، ص٦٥٣(١٣٩٠)، أخرجه الترذي وابن ماجه وسنده قوي.

أُكُلَهَا ضِعْفَيْنِ فَإِن لَّمْ يُصِبْهَا وَابِلٌ فَطَلٌّ وَٱللَّهُ بِمَا تَعْمَلُونَ بَصِيرٌ ﴿٢٦٥﴾ ﴾ البقرة: (٢٦٥).

**واتە :- ﴿ نموونەی ئەوانەی ماڵ و دارایی خۆیان دەبەخشن لە پێناو ڕەزامەندی خوادا، وە بۆ دامەزراندنی دڵ و دەروونیان لەسەر چاکە وەك باخێك وایە کە بەشوێنێکی بەرزەوە بێت دڵۆپە بارانی گەورە لێی بدات ئەمجا میوەی خۆی بدات بە دوو بەرامبەری ئەوانیتر وە ئەگەر دڵۆپە بارانی گەورە لێی نەدات، دڵۆپەی بچوك لێی بدات واتە ( بێ بەرهەم نابێت ) وە خوای گەورەش بینایە بەوەی دەیکەن ﴾.**

**لەژیانتدا دەست قونجاو مەبە، دڵ فراوان بە و ببەخشە و لەخێر و خێرات دریغی مەکە، بەڵام ئەو دەست بڵاوییەشت بەجۆرێك نەبێت ببێتە زیادە مەسرەف و لەحەدی شەرعی تێپەڕبکات، دڵنیابە خوای بەخشندە و میهرەبان بەچەند قات زیاتر بۆت پڕدەکاتەوە بەجۆرێك کەخۆشت هەستی پێناکەی، وە لەقیامەتیشدا پاداشتی ئەو بەخشندەییەت و دڵخۆشکردنی فەقیر و هەژارو بێباوکانەت دەداتەوە بەبەهەشت، گەر دەتەوێت خوا لێت خۆشبێت ببەخشە لە پێناو خوادا بێگومان بە بەبەخشین ماڵ و سامان قەت کەم ناکات.**

## ٢٥- لەسەر خۆیی لەقسە کردندا(الهدوء في الكلام) :-

**لەسەر خۆبوون لەکارو گوفتاردا یەکێکی ترە لەڕەوشتی جوانی مرۆڤی سەرکەوتوو و ڕەوشت بەرز، پێچەوانەکەشی هاوارکردن و دەنگ بەرز کردنەوەیە لەقسەکردندا، ئەمەش مرۆڤ لەبەرچاو خەڵکیدا سوك دەکات و ڕێزی نامێنێت لەلای خەڵکی، هەروەها خوای پەروەردگار لەقورئاندا هێناویەتی لەسەر زووبانی لوقمانی حەکیم**(ڕەزای خوای لێبێت):- **دەفەرمووێت:-** ﴿ وَٱقْصِدْ فِي مَشْيِكَ وَٱغْضُضْ مِن صَوْتِكَ إِنَّ أَنكَرَ ٱلْأَصْوَٰتِ لَصَوْتُ ٱلْحَمِيرِ ﴿١٩﴾ ﴾ (لقمان: ١٩) ، **واتە:- ﴿لەڕۆشتنندا مام ناوەندبە نەهێواش نە پەلە، وە لەقسەکردندا دەنگت نزم بکەرەوە بەڕاستی ناخۆشترین دەنگ دەنگی گوێدرێژە ﴾، لێرەدا خوای پەروەردگار**

دوو ڕەوشتی جوانمان فێردەكات كە لەڕۆشتن بەڕێگادا و قسە كردندماندا لەسەرخۆبین و خەڵك بێزار و بێتاقەت و نارەحەت نەكەین،
كاتێك قسە بۆكەسێك دەكەیت كەدەزانیت دڵی لات نیە و گرنگی بەقسەكەت نادات، زیاتر قسەی بۆمەكە و نارەحەت تری مەكە یاخود دەنگت نزمتر بكەرەوە یان شێوازی قسەكردنت بگۆڕە تا وای لێدێت لەئەنجامدا گرنگیت پێدەدات و بەجوانی گوێت بۆ دەگرێت، كەواتە لەسەر خۆیی هۆكارێكە مرۆڤ دەتوانێت خۆی پێ جوان بكات و خەڵكی ڕێزی بگرن و خۆشیان بوێت، بەتایبەت لەسەرخۆیی لەشوێنە تایبەتەكاندا وەكو مزگەوت و كۆڕی ماموستایانی ئاینی و مەجلیسە گەورەو گرنگەكاندا، لەسەر خۆبە لە ڕەفتارو گوفتارتدا، تا خەڵكی ڕێزت بگرن و ببیتە جێی متمانەی خەڵكی.

## ٢٦- گوێڕایەڵیكردنی دایك و باوك (إطاعة الوالدين):-

گوێڕایەڵی كردنی دایك و باوك لەكاری ڕۆژانەدا یەكێكە لەكارە جوانەكانی مرۆڤی باوەڕدار، هەتا نابێت لەكاری غەیرە شەرعیشدا بەهەڵسوكەوتی نەشیاو بەرپەرچیان بدرێتەوە، هەربۆیە خوای پەروەردگار لەقورئاندا هۆشداری داوینەتێ بە گوێڕایەڵكردنی دایك و باوك و دەفەرموویت:- ﴿ ۞ وَقَضَىٰ رَبُّكَ أَلَّا تَعْبُدُوٓاْ إِلَّآ إِيَّاهُ وَبِٱلْوَٰلِدَيْنِ إِحْسَـٰنًا ۚ إِمَّا يَبْلُغَنَّ عِندَكَ ٱلْكِبَرَ أَحَدُهُمَآ أَوْ كِلَاهُمَا فَلَا تَقُل لَّهُمَآ أُفٍّ وَلَا تَنْهَرْهُمَا وَقُل لَّهُمَا قَوْلًا كَرِيمًا ﴿٢٣﴾ ﴾ الإسراء: (٢٣) ، واتە:- ﴿ ۞ پەروەردگارتان بڕیاری داوە كەهیچ شتێك نەپەرستن جگە لەئەو وە لەگەڵ دایك و باوكتاندا كاری چاكە بكەن ئەگەر یەكێكیان یان هەردوكیان لای تۆ پیر بوون قسەی ناخۆشیان پێ مەڵێ تەنانەت بەئۆفێكیش بێت، وە تێیان مەخوڕێ و پیایاندا هەڵمەشاخێ بەڵكو ووتەی نەرم و شیرینیان لەگەڵدا بەكار بهێنە ﴾.
گوێڕایەڵی دایك و باوك ئەوەندە گرنگە لەئیسلامدا خوای گەورە لەدوای شیرك بڕیار نەدان بۆ خودا فەرمانمان پێدەكات كەچاكە لەگەڵ دایك و باوكماندا بكەین وە گوێڕایەڵیان

بكەین، لەئایەتێكی تردا دەفەرمووێت:- ﴿ وَٱخۡفِضۡ لَهُمَا جَنَاحَ ٱلذُّلِّ مِنَ ٱلرَّحۡمَةِ وَقُل رَّبِّ ٱرۡحَمۡهُمَا كَمَا رَبَّيَانِي صَغِيرٗا ﴿٢٤﴾ ﴾ الإسراء: (٢٤)، واتە:- ﴿ باڵی خۆبەكەم زانینیان بۆ ڕا بخە لەبەر بەزەیی و میهرەبانیت پێیان، وە بڵێ ئەی پەروەردگارم ڕەحمیان پێبكە هەروەك چۆن ئەوان منیان پەروەردەكرد بەمنداڵی ﴾ .

صەحابیەك هاتە خزمەت پێغەمبەر ﷺ پرسیاری لێكرد دەربارەی كام كردەوە چاكترینە پێغەمبەریش ﷺ فەرمووی:- {الْصَّلاَةُ عَلَى وَقْتِهَا، قَالَ ثُمَّ أَيٌّ؟ قَالَ ثُمَّ بِرُّ الْوَالِدَيْنِ}[٢٤]، واتە:- ووتی ئەی پێغەمبەر ﷺی خوا كام كردەوە چاكترینە؟ {فەرمووی نوێژە فەرزەكان لەكاتی خۆیدا بەجێ بگەیەنیت، وتی پاشان چی تر؟ فەرمووی چاكەكردن لەگەڵ دایك و باوكدا}، گەر بڕوانین لێرەشدا ئەوەندە گرنگی بە گوێڕیەڵی دایك و باوك دراوە لەدوای نوێژە فەرزەكانەوە باسكراوە، دەی بەردەوامبە لەگوێڕیەڵیكردنی دایك و باوكت گەر دەتەوێت دوونیاو قیامەتت لەدەست نەچێت، چونكە پێغەمبەر ﷺ دەفەرمووێت بەهەشت لەژێر پێی دایك دایە، لەدەستی خۆتی دەرمەكە و هەوڵبدە دایك و باوكت لەخۆت ڕازی بكە بەوە دەبیتە كەسێكی ڕەوشت جوان لەلای خودا پاشان خەڵكی، وە قیامەتیشی پێ بەدەست دەهێنیت.

## ٢٧- دوركەوتنەوە لە بەخیلی بەیەكتربردن و غەیبەتكردن (البعد عن الحسد والنميمة):-

پێویستە لەسەرمان خۆمان بەدوربگرین لەو ڕەوشتانەی كەمرۆڤ ناشرین دەكەن وەكو(بەخیلی بردن بەبرای ئیماندار، غەیبەت كردنی كەسێك كەخۆی لەوێ نەبێت و پێی ناخۆش بێت كەئەو قسەی پێئەڵێیت، وە بوختان بۆیەكتر هەڵبەستین، دووزمانی و قسە

٢٤- فيض الباري على صحيح البخاري، ج٢، ص١٣٨، حديث:(٥٢٨).

هێنان و بردن، پشتکردنەیەکتر لەسەر قسەی ناحەق و بێهودە، ڕق هەڵگرتن لەیەکتر لەسەر شتی بێهودە ).

ئەمانە چەند هۆکارێکن مرۆڤ ئاگاداری خۆی نەبێت و وشیار نەبێت بەهۆیانەوە هەم دونیاو هەم قیامەتی لەدەست دەچێت پەنابەخوا، بۆیە خوای گەورە لەسورەتی (الفلق) دا دەفەرمووێت:- ﴿ وَمِن شَرِّ حَاسِدٍ إِذَا حَسَدَ ۝٥ ﴾ الفلق: (٥)، واتە:- خوایە پەنات پێدەگرم﴿ لەزیانی بەخیل و حەسود کاتێك حەسودی ببات ﴾.

خوای گەورە فێرمان دەکات لەڕێگەی پێغەمبەرەکەیەوەﷺ بەیانیان و ئێواران و کاتی خەوتن ئەم( ٣ ) سورەتە (الإخلاص، الفلق، الناس) بخوێنین نەوەك توشی ئەو شتانە ببین، وە حەسودی و بەخیلی بەیەکتر نەبەین، هەروەها پێغەمبەرﷺ دەفەرمووێت:- {لَا يَدْخُلُ الْجَنَّةَ قَتَّاتٌ}[٢٥]، واتە:- {ناچێتە بەهەشتەوە ئەو کەسەی دووزمانی بکات}، وە دەفەرمووێت:- {لَاتَبَاغَضُوا وَلَا تَحَاسَدُوا وَلَا تَدَابَرُوا وَكُونُوا عِبَادَ اللهِ إِخْوَانًا، وَلَا يَحِلُّ لِمُسْلِمٍ أَنْ يَهْجُرَ أَخَاهُ فَوْقَ ثَلَاثَةِ أَيَّامٍ}[٢٦]، واتە:-{ڕق و کینە و بوغز لەیەکتری مەکێشن و پشت مەکەنە یەکتر و لووت لەیەکتر مەکەن، وەك برای باش و تەبا بەندەی باشی خودا بن، دروست نیە بۆمرۆڤی موسوڵمان لە سێ ڕۆژ زیاتر قسە لەگەڵ برای موسوڵمانی نەکات}.

سەروەرمانﷺ فێرمان دەکات دووربین لەم ڕەوشتانە و ببینە برای ڕاستەقینەی یەکتر وەکو( ئەبوبەکرو عمر و عوسمان ) ئاسا(رضي الله عنهم)، وە گومانی خراپ بەیەکتر نەبەین و درۆنەکەین، چونکە مرۆڤی موسوڵمان هەرگیز درۆناکات هەروەك پێغەمبەرﷺ دەفەرمووێت، چونکە کەسێك درۆی کرد ئەوە بابزانێت ئیمانەکەی تەواونیە و دینی ئیسلامی بەواوەتی وەرنەگرتوە، پەنا دەگرین بەخوای تاقانە لە هەموو ڕەفتارێکی نەشیاو کەدەیزانین و ئەوەشی کەنایزانین، لەدرۆ و تاوان اللهم آمین، براو خوشکی بەڕێزم بەچاککردنی ئەم هەڵانە یان دوورکەوتنەوە لێیان دەتوانی ڕوشتی خۆت جوان بکەیت.

---

٢٥- أخرجه البخاري(٦٠٥٦)، و مسلم(١٩٣٩).

٢٦- أخرجه البخاري(٦٠٦٥)، ومسلم(٢٥٥٩).

## ٢٨- تووڕەنەبوون (البعد عن البغض):-

تووڕەبوون یەكێكە لەو هۆكارانەی مرۆڤی پێ ناشرین دەبێت لەناو خەڵكیدا و بەچاوێكی سوك سەیری دەكرێت، هەربۆیە پێغەمبەرمانﷺ كاتێك هاوەڵێكی بەڕێزی هاتەخزمەتی ووتی چ كردەوەیەك چاكە بیكەم لەئیسلامدا؟) فەرمووی:- {لاَتَغْضَبْ}[٢٧] {تورەمەبە}، واتە:- خۆت بەدوور بگرە لەو هۆكارانەی دەبنە هۆی تورەبوونت.

لەفەرموودەیەكی تردا فەرموویەتی:- {لَيْسَ الْشَّدِيْدُ بِالْصُّرعَةِ، إِنَّمَا الْشَّدِيْدُ الْذِي يَمْلِكُ نَفْسَهُ عِنْدَ الْغَضَبِ}[٢٨]، واتە:- {پاڵەوان هەر ئەوەنیە كەخەڵكی بدات بەزەویدا، بەڵكو پاڵەوانیەتی ئەوەیە ئارام بگریت لەكاتی تورە بووندا}.

ئارامگرتن لەسەر نەبوونی لەكاتێكدا حەرامێك لەبەردەمتدا ئامادەبێت كەبەدەست هێنانی حەرام زۆر ئاسانە، یاخود ئارامگرتن لەسەر مردنی كەسانی نزیك و لەسەر نەخۆشی، بەئارامگرتن لەسەر ئەمانە مرۆڤ سوود مەندێكی گەورە دەبێت لەقیامەتدا، وە لەدونیاشدا خوای گەورە دەیكاتە كەسێكی گەورە و بەڕێز و ڕەوشت جوان لەلای خەڵكی، خەڵكی زۆر ڕێزی لێدەگرن، هەركارێك ویستت تیایدا بگەیتە ئامانج ئەوە ئارامی لەسەر بگرە دڵنیابە خوا بۆت ئاسان دەكات، وە بەو ئارامگرتنە دەبیتە كەسێكی ڕەوشت و ئاكارجوان لەلای خودا و پاشانیش لای خەڵكی.

## ٢٩- خۆ بەكەم زانین(التواضع):-

ڕێزگرتنی بەرامبەر و خۆ بەكەمزانین لەبەرامبەریدا وە بەڕێزەوە سەیركردنی و مامەڵە كردن لەگەڵیدا یەكێكی ترە لەو خاڵە جەوهەرییانەی ڕەوشتی مرۆڤی پێ جوانتر دەبكرێت، بەتایبەتی زانایانی ئیسلام كە شارەزان لەزانستی شەرعیدا، وە ڕێزگرتنی مامۆستاكانت بەتایبەت ئەوانەی كە زانستێكیان فێركردوویت و پەروەردەیان كردوویت و وەكو دایك و باوك

---

٢٧- أخرجه البخاري(٦١١٦).

٢٨- أخرجه البخاري(٦١١٤)، ومسلم(١٠٧) كتاب البر والصلة.

بوون بۆت، وە ڕێزگرتنی کەسانی لەخۆت گەورەتر و کەسانی ڕیش سپی،
وە خۆبەبچوك زانین لەبەردەمیاندا، وە پێغەمبەرمانﷺ دەفەرموویت:- {لَيْسَ مِنَّا مَنْ لَمْ يَرْحَمْ صَغِيْرَنَا، وَيَعْرِفْ حَقَّ كَبِيرَنَا}[٢٩]، واتە:- {لەئێمە نیە ئەوکەسەی بەزەیی نەبێت بۆ بچوکمان، وە حەقی گەورەکانیش نەدا( نەزانێت )}.

لێرەوە سەرووەرمانﷺ فێرمان دەکات ڕێزی گەورەکانمان بگرین و سۆزمان بۆ بچوکمان هەبێت، وەدڵی هەردوولا ڕابگرین، بەمەش مرۆڤ دەتوانێت ببێتە کەسێکی ڕەوشت بەرز و خۆشەویست و ئاکار جوان لەلای خەڵکی، خۆبەکەمزانینت نیشانەی گەورەیی و تێگەیشتوویتە.

## ٣٠- هاوکاری یەکترکردن(التعاون):-

هاوکاریکردن و یارمەتیدانی بەرامبەرەکانت و کەسی بەتەمەن و کەم ئەندامێك یان نابینایەك یان منداڵێك کەلەموحتاجیدا پێویستی پێتبێ یاخود هەژارێك لەنەبوونیدا بێت وە یان هەرکەسێك بێت لەهەرکاتێکدابێت پێویستی بەیارمەتی هەبێت، بەمەرجێك کارەکە ناشەرعی نەبێت، هاوکاری بکەیت و ڕزگاری بکەیت، یاخود زۆرجار مرۆڤ بەهۆی پرسیارێك یان شتێك لەمێشکیدا دروست بووە تۆ هاوکاری و پاڵپشتی بکەیت تارزگاری دەبێت، بەم یارمەتیدانەی کەسی هاوکاری کراو مرۆڤ بەڕێز و ڕەوشت جوان و خۆشەویست دەبێت لەلای خوای گەورەو پاشان خەڵکی، هەروەکو خوای پەروەردگار دەفەرموویت:-﴿ وَتَعَاوَنُوا۟ عَلَى ٱلْبِرِّ وَٱلتَّقْوَىٰ ۖ وَلَا تَعَاوَنُوا۟ عَلَى ٱلْإِثْمِ وَٱلْعُدْوَٰنِ ۚ وَٱتَّقُوا۟ ٱللَّهَ ۖ إِنَّ ٱللَّهَ شَدِيدُ ٱلْعِقَابِ ﴿٢﴾ ﴾ المائدة: (٢)، واتە:- ﴿لەسەر چاکەو هاوکاری و کۆمەك و پارێزگاریی یارمەتی یەکتر بدەن، بەلاّم بۆگوناه و تاوان ولەسنور دەرچوون هاوکاری و کۆمەکی یەکتر مەکەن، دەبێت لەسزای خوا بترسن چونکە بەڕاستی خوا بەرامبەر بەنافەرمان، خاوەن تۆڵەیەکی زۆر توندو بەهێزە ﴾.

٢٩- مسند إمام أحمد في الرسالة، ج١١٠، ص٣٤٧، حديث(٦٧٣٣).

وەپێغەمبەر ﷺ دەفەرموویٙت:-{أُنْصُرْأَخَاكَ ظَالِمَاً أَوْ مَظْلُومَاً}(٣٠) واتە:- {هاوكاری و یارمەتی براكەت بدە گەر ستەم كار بێت یاخود ستەم لێكراو بێت}، واتە ئەگەر زوڵمی كرد نەیەڵی زوڵم بكات وە دەستی بگریت، وە ئەگەر زوڵمی لێكرا نەیەڵی زوڵمی لێبكرێت و پشتی بگریت و سەری بخەیت، لێرەوە فێر دەبین هاوكاری یەكتر بكەین و پشتی برای موسوڵمان بەرنەدەین جاستەم بكات یان ستەمی لێبكرێت، بەم شێوەیە دەتوانرێت مافی گشت خەڵكی بدرێت و مافی كەس نەفەوتێت ئەمەش هۆكارو كردارێكی زۆر جوانە مرۆڤ دەتوانێت بەئەنجامدانی ئەم هاوكاریكردنە خەڵكی بەڕەوشت جوان وەسفی بكەن و ڕێزی بگرن، هاوكاری كردنی براكەت لەبیر مەكە بەكردار و گوفتاری چاك و جوان.

## ٣١- بەخشین (الإنفاق):-

بەخشینی ماڵ و سامانێك كەخوا پێی بەخشیویت تۆ بەس هۆكارێكت گرتووەتە بەر بۆ بەدەستهێنانی، ئەم بەخشینەش یەكێكی ترە لەهۆكارە جوانەكان مرۆڤ بەرز و بەڕێز و جوان دەكات لەڕەفتارو كرداردا، نەك وەك بیركردنەوەی هەندێك كەس كەوادەزانن ئەو سەروەتەی هەیانە تەنها هیخۆیانەو مافی خەڵكی تێدا نیە هەروەكو قارون خوای بالأدەست ماڵ و سامانێكی زۆری پێدابوو بەلآم ئەو وایدەزانی ئەمە تەنها خۆی بەدەستی هێناوە و كەس پێی نەبەخشیوە، وە ئامۆژگاریشی دەكرا بەلآم گوێی نەدەگرت تاكو سەرئەنجام خوای بالأدەست لەناوی برد و ماڵ و سامانەكەی فریای نەكەوت.

كەسی ڕەزیل و چەكل ڕەزیلی دەكات و نایبەخشێت تا خودای بالأدەست لێیان دەسەنێتەوە، یاخود ئەو كەسە نازانێت بیبەخشێت یان بەكەسێكی دەبەخشێت كەشایستە نییە، وە یان بۆئەوەی ناوبانگ دەربكات دەیبەخشێت بۆئەوەی خەڵكی بڵێن ماشاءالله كەسێكی بەخشندەو دەست بلأوە، زۆربەی مرۆڤەكان خوای گەورە سەروەتیان دەداتێ و تاقیان

٣٠- مختصر صحيح البخاري، حديث(١١١٧)، ج٢، ص١٤٤.

دەكاتەوە كاتێك ڕەزیلی و چەكلییان تێداكرد خوای گەورە لێیان دەسەنێتەوە و لەدونیا و قیامەتیش سەرشۆڕیان دەكات، بەلاَم كەسێك یارمەتی ماڵە بێباوكێك یان فەقیر و نەدارێك بدات، وە تابتوانێت خۆی ئاشكرا نەكات و بۆخوابیبەخشێت، بەدڵنیاییەوە خوای گەورە هەم لەدوونیا بۆی زیاد دەكات وە هەم لەقیامەتیش چەند قات پاداشتی دەداتەوە، هەروەكو پێغەمبەرﷺ دەفەرموویت:- بەجۆرێك ببەخشە بەدەستی ڕاستت كە دەستی چەپت پێیی نەزانێت واتە نەهێڵی خەڵكی بزانن و ببێتە ڕیا، چونكە خوای گەورە لۆمەی مرۆڤی ڕەزیل و چروك دەكات و دەفەرموویت:- ﴿ قُل لَّوْ أَنتُمْ تَمْلِكُونَ خَزَآئِنَ رَحْمَةِ رَبِّىٓ إِذًا لَّأَمْسَكْتُمْ خَشْيَةَ ٱلْإِنفَاقِ ۚ وَكَانَ ٱلْإِنسَـٰنُ قَتُورًا ﴿١٠٠﴾ ﴾ الإسراء: (١٠٠) ، واتە:- ﴿بڵێ ئەگەر ئێوە خاوەن خەزێنەكانی چاكەو نیعمەتەكانی پەروەردگارم بن ئەوكاتە دەتانگرتەوە لەبەخشین لەترسی خەرج بوون و تەواوبوون، وە ئادەمی هەمیشە ڕژد و چروكە ﴾ .

خوای گەورە لەئایەتێكی تردا باسی چاكی ئەو كەسانە دەكات كەلەپێناوی خودا دەبەخشن دەفەرموویت:- ﴿ مَّثَلُ ٱلَّذِينَ يُنفِقُونَ أَمْوَٰلَهُمْ فِى سَبِيلِ ٱللَّهِ كَمَثَلِ حَبَّةٍ أَنۢبَتَتْ سَبْعَ سَنَابِلَ فِى كُلِّ سُنۢبُلَةٍ مِّا۟ئَةُ حَبَّةٍ ۗ وَٱللَّهُ يُضَٰعِفُ لِمَن يَشَآءُ ۗ وَٱللَّهُ وَٰسِعٌ عَلِيمٌ ﴿٢٦١﴾ ﴾ البقرة:(٢٦١)، واتە:-﴿وێنەی ئەوانەی ماڵی خۆیان دەبەخشن لەڕێی خوادا وەك دارێكی تۆو وایە ڕوابێت حەوت گوڵی گرتبێت لەهەرگوڵێك سەد دانەی تێدابێت وەخوا لەمەش زیاتری دەكات بۆهەركەسێك كەخۆی بیەوێت، وەخوا خاوەن بەهرەی فراوانی ئاگادارە﴿٢٦١﴾ ﴾.

ئایەت و فەرموودەی زۆری ترمان هەیە لەسەر بەخشین، مرۆڤ بەبەخشین و دڵخۆشكردنی فەقیرو نەدار ماڵ و سامانی زیاد دەكات و دڵی ئارامی ڕووی تێدەكات وە پێی ڕەوشت بەرز دەبێت، لەهەمان كاتدا خوای گەورە پاداشتێكی گەورەی دەداتەوە لەقیامەتدا، هەربۆیە خوای گەورە خێرو زەكات و سەرفیترەی داناوە تافێری بەخشینمان بكات.

ببەخشە بە بەخشین ماڵەكەت كەم ناكات بەڵكو زیاد دەكات وە چاكەیەكی زۆر بەدەست دەهێنیت و دەبیتە مرۆڤێكی بەڕەوشت.

## ٣٢- خۆ هەڵنەقورتاندن لەهەموو قسەو مەجليسێكدا(عدم التحرش):-

مرۆڤ كاتێك دەچێتە ناو كۆڕێك يان مەجليسێك دەتوانێت خۆی بناسێنێت بەو جۆرە كەسەی كە خۆی ويستی لێبێت جا خۆناساندنيش دوو جۆری هەيە، ئەويش يان خۆناساندنە بە كەسێكی خراپ و بێزراو لەبەر چاوی خەڵكی كەهەر لەسەرەتاوە خۆی بە كەسێكی خراپ بناسێنێت و خۆی لەهەموو قسەيەك هەڵقورتێنێت لەكاتێكدا پەيوەندی بەويشەوە نەبێت، ياخود خۆناساندنە بەكەسێكی بەڕێز و ڕۆشنبير و تێگەيشتوو كەبەڕەوشت و ئاكاری دەتوانێت خۆی جوان بكات وە كاتێك دانيشت لەمەجليسێكدا قسە نەكات لەقسەی لەخۆی گەورەتردا وە خۆی نەخاتە ناو هەموو بابەتێكەوە و تاپرسياری لێنەكرێت وەڵام نەداتەوە، بەم دوو شێوەيە مرۆڤ دەتوانێت خۆی بناسێنێت، هەروەكوو پێغەمبەرمانﷺ فێرمان دەكات كە چووينە هەر مەجليسێك يان قسەی چاك بكەين ئەگەر زانيمان گوێمان بۆ دەگيرێت ياخود بێدەنگ بين وەك دەفەرموويت:- {مَنْ كَانَ يُؤْمِنُ بِاللهِ وَالْيَوْمِ الْآخِرِ فَلْيَقُلْ خَيْرًا أَوْ لِيَصْمُتْ، وَمَنْ كَانَ يُؤْمِنُ بِاللهِ وَالْيَوْمِ الْآخِرِ فَلْيُكْرِمْ جَارِهِ، وَمَنْ كَانَ يُؤْمِنُ بِاللهِ وَالْيَوْمِ الْآخِرِ فَلْيُكْرِمْ ضَيْفَهُ}[٣١] ، واتە:-{هەركەس بڕوای بەخواو پاشەڕۆژی هەيە باقسەی چاك بكات ياخود بێدەنگ بێت، وەهەركەس بڕوای بەخواو پاشەڕۆژی هەيە بارێزی دراوسێكەی بگرێت، وەهەركەس بڕوای بەخواو پاشەڕۆژی هەيە بارێزی ميوانی بگرێت}، بەم شێوەيە فێرمان دەكات ڕێزی دراوسێ و ميوانمان بگرين وە قسە بۆ هەموو كەس نەكەين هەتا گوێمان بۆ دەگرن وە قسەی چاك نەبێت نەيكەين.

ئاگاداربە لەوەی دەچيتە چ كۆڕ و مەجليسێك و قسە لەگەڵ كێ دەكەيت و قسە بۆ كێ دەكەيت و لەگەڵ كێ مامەڵەو گفتوگۆ دەكەيت وە باسی چی دەكەيت، قيامەتت مەدۆڕێنە و ئاگاداری زووبانت بە، لەهەر مەجليسێكدا دانيشتبوويت صەلاوات بدەن لەسەر پێغەمبەرﷺ چونكە وەكو خۆی دەفەرموويت هەركەس لەكۆڕێكدا دانيشتن و صەلاواتم لەسەر نەدەن ئەوە ئەو كۆڕە دەبێتە مايەی پەشيمانيان، فێريشمان دەكات لەهەر كۆڕو مەجليسێكدا بووين و هەستاين ئەم فەرموودەيەمان لەبير نەچێت بەڵكو ببێتە كەفارەتی ئەو گوناه و غەيبەتانەی

---

٣١- أخرجه مسلم، ج١، ص٦٨، حديث(٤٧).

**لەو مەجلیسەدا كردبێتمان و بڵێین:-** {سُبْحَانَكَ اللّهُمَّ وَبِحَمْدِكَ، أَشْهَدُ أَنْ لَا إِلَهَ إِلاَّ أَنْتَ، أَسْتَغْفِرُكَ وَأَتُوبُ إِلَيْكَ}[٣٢]**، واته:- {پاكی و بێگەردی و ستایش بۆتۆ ئەی خودایە، شایەتی دەدەم كەهیچ پەرستراوێك نیە شایستەی پەرستن بێت جگە لەتۆ، داوای لێخۆشبوونت لێدەكەم و بۆلای تۆ دەگەڕێمەوە}، خوای پەروەردگار لەگوناهی هەموولایەكمان خۆش بێت بۆخاتری ناوە جوانەكانی خۆی آمین.**

**ئەمەیش یەكێكی ترە لەو هۆكارانەی مرۆڤ بە خۆلیٚ بەدوور گرتنی دەتوانێت ڕەوشتی خۆی جوان بكات.**

## ٣٣- سوپاسكردنی بەرامبەر لەكاتی ئەنجامدانی كارێك بۆت (الشكر مقابل الشيء):-

**كاتێك كارێك بۆ كەسێك ئەنجام دەدەیت چاوەڕێی ئەوە دەبیت پاداشتی كارەكەت بداتەوە، وە زۆرجاریش چاوەڕێی پاداشتی لیٚ ناكەی بەلاٚم بەیەك سوپاس و دەست خۆشی لێكردنت وادەزانیت پاداشتێكی گەورەی كردویت لەبەرامبەر ئەوكارەدا كەبۆت ئەنجام داوە، وە ئێمە لە پێغەمبەرمانەوەﷺ فێربووین كەسێك كارێكی بۆ ئەنجام داین سوپاس و دەست خۆشیمان هەبێت بۆی، بەم شێوەیە فێرمان دەكات كاتێك بویتە میوانی ماڵێك دەست خۆشی لەو ماڵە بكە بەتایبەت ئەوكەسەی خواردنەكەی دروست كردووە و ماندوو بووە لەسەری و هیلاكی كێشاوە تا دڵی میوانەكەی ڕازی بكات، دەی تۆش دڵی ئەو خۆش بكە و دوعای خێری بۆبكە بۆ ئەوەی ئەو هیلاكیەی لەبیر بچێتەوە و ماندوو بوونی دەربچێت، وەكو پێغەمبەرمان ﷺ دەفەرمووێت:-** {اللَّهُمَّ بَارِكْ لَهُمْ فِيمَا رَزَقْتَهُمْ، وَاغْفِرْ لَهُمْ، وَارْحَمْهُمْ}[٣٣]**، واته:- {خودایە پیت و بەرەكەت بخەرە ئەو ڕۆزیەی كە پێت بەخشیون و لێیان خۆش ببە و ڕەحمیان پێبكە}، دەی لەبیری مەكە كاتێك خواردن و**

---

٣٢- صحيح: أخرجه الترمذي، حديث(٣-١٥٣)، و صححه الأباني في المشكات، ص٢٤٣٣.

٣٣- أخرجه مسلم (٣-١٦١٥).

خواردنەوەی دەستی دایك و خوشك و هاوسەرت یاخود خواردنی ماڵێكت خوارد دەست خۆشی تەواوی لێبكە و دوعای خێر و ڕزقی حەلاڵیان بۆبكە، وە دڵنیابە كەسوپاس و دەست خۆشیت لێ كرد خاوەن ماڵ زیاتر ڕێزت لێدەگرێت وە خۆش حاڵ دەبێت بەوەی جارێكی تر بچیتەوە ماڵەكەی چونكە كەسێكی بێوەفا و سپڵە نەبوویت، وە یاخود هەركەسێك بەهەرشێوەیەكی تر یارمەتیی دایت جگە لەوەی پاداشتەكەیت پێدا بیرت نەچێت دەست خۆشی لێبكە، چونكە ئەوەی هیلاكیەكەی ناهێڵێت ئەو سوپاس كردنەتە، مرۆڤ دەتوانێت بەم ڕێگایەش ڕەوشت و ئاكاری خۆی جوان بكات.

## ٣٤- سەردانیكردنی نەخۆش(زيارة المريض):-

یەكێكی تر لەهۆكارە باش و ناوازەكان گەر مرۆڤ ویستی لێبێت دەتوانێت لەناو خەڵكیدا خۆی پێ بناسێنێت بەكەسێكی ڕەوشت جوان، بەلاَم بەو مەرجەی لەبەر خوا ئە نجامی بدات نەك بۆ بەرچاوی خەڵكی و بۆ خۆ دەرخستن، ئەویش(سەردانیكردن و بەسەر كردنەوەی نەخۆشە)، هەر بۆیە پێغەمبەرمانﷺ فەرموویەتی سەردانی نەخۆش بكەن و بەسەری بكەنەوە و هەواڵی بپرسن، لەگەڵ ئەوەش ئامۆژگاریمان دەكات زۆر نەمێنینەوە بۆ ئەوەی بێزار نەبێت، چونكە ئەو كەسەی نەخۆش دەكەوێت هەست بەتەنهایی و بێزاری دەكات، بۆیە حەز دەكات كەس و ئازیز و خۆشەویستانی لەدەوریدابن دڵی پێیان دەكرێتەوە، بەلاَم زۆر مانەوە و قەرەباڵغیش بێتاقەتی دەكات، وە نابێت چویتە لای نەخۆش باسی مردن و هەندێك بابەت بكەیت چونكە ترس و بێ هیوایی ڕوی تێدەكات و نەخۆشییەكەی خرا پتر دەبێت، بەڵكو دەبێت بەقسەو نوكتە و بەسەرهاتی خۆش زەردەخەنە بخەییتە سەرلێوی، وە پێغەمبەرﷺ فێرمان دەكات كە چوینە لای نەخۆش دوعای خێر و چاك بوونەوەی بۆبكەین و بڵێین:- {لَابَأْسَ طَهُورٌ إِنْ شَاءَ اللهُ}[٣٤]، واتە:- {قورس و ناڕەحەت نیە لەسەرت و پاك بوونەوەتە لەتاوانەكان، ئەگەر خودا ویستی لێبێت}.

---

٣٤- أخرجه بخاري مع الفتح(١٠\١١٨).

**یاخود بڵێین:-** {أَسْأَلُ اللهَ الْعَظِيمْ، رَبَّ الْعَرْشِ الْعَظِيْمِ، أَنْ يَشْفِيَكَ}[٣٥] **(٧ جار)، واتە:- {داواكارم لە خودای مەزن و شكۆمەند، پەروەردگاری عەرشی مەزن، نەخۆشییەكەت سارێژبكات و شیفات بدات}.**

**لەرۆژی قیامەتدا خوای گەورە پرسیار دەكات عەبدەكەم لەدونیادا كەنەخۆش كەوتم بۆ نەهاتی و سەردانت نەكردم؟ عەبدەكانیش دەڵێن ئەی خودایە كوا تۆ نەخۆش كەوتوویت؟ خوای گەورەش دەفەرمووێت ئەی عەبدەكەی من كەدراوسێت بوو نەخۆش بوو بۆ نەچووی سەردانی بكەی؟.**

**بەڕاستی ئەو جواب دانەوەیە زۆر سەخت دەبێت لەسەرت لەقیامەتداجا هەركەسێك بیەوێت دەتوانێت بەم شێوەیە خوای گەورە لەخۆی ڕازی بكات پاشان خەڵكی لێی ڕازی بن، وە لەقیامەتیشدا پاداشتێكی گەورە بەدەست بهێنێت بەو مەرجەی بەس لەبەر ڕەزامەندی خوای گەورە ئە نجامی دابێت.**

**سەردانی خوشك و برا و كەس و دراوسێكانت لەبیر مەكە هەفتەی یەك جار یاخود مانگی یەك جاریش بێت.**

## ٣٥- ڕێزگرتنی میوان (إكرام الضيف):-

**یەكێكی تر لەو كارە جوانانەی پێغەمبەرﷺفێرمان دەكات بۆئەوەی ببینە كەسێكی ڕەوشت بەرز و ئاكارجوان بریتیە لە(ڕێزگرتنی میوان) هەروەكو دەفەرمووێت:-** {مَنْ كَانَ يُؤْمِنُ بِاللهِ وَالْيَوْمِ الْآخِرِ فَلْيَقُلْ خَيْراً أَوْ لِيَصْمُتْ، وَمَنْ كَانَ يُؤْمِنُ بِاللهِ وَالْيَوْمِ الْآخِرِ فَلْيُكْرِمْ جَارِهِ، وَمَنْ كَانَ يُؤْمِنُ بِاللهِ وَالْيَوْمِ الْآخِرِ فَلْيُكْرِمْ ضَيْفَهُ}[٣٦] ، **واتە:- {هەركەس بڕوای بەخواو پاشەڕۆژی هەیە باقسەی چاك بكات یاخود بێدەنگ بێت، وە هەركەس بڕوای بەخوا و پاشەڕۆژی هەیە بارێزی دراوسێكەی بگرێت، وە هەركەس بڕوای بەخواو پاشەڕۆژی هەیە بارێزی میوانی بگرێت}، كەواتە بارێزی میوان بگرین و**

٣٥- صحيح: أخرجه ترمذي(٢١٠\٢)، و صحيح الجامع(١٨٠\٥).

٣٦- أخرجه مسلم، ج١، ص٦٨، حديث(٤٧).

كەمتەرخەمی نەكەین لەخزمەتكردنی، چونكە میوان میوانی خوایە و ڕزقەكەشی هەر لای خوایە، دەبێت دڵی میوان ڕابگیرێت وە بەڕێزەوە میوانداری بكرێت، وابیرنەكەیتەوە خواردن و خواردنەوەت بەشی ئەوناكات یاخود خواردنەكەت كەم بكات، چونكە ئەو تەنها ئەوبەشە ئەخوات كە خوا لەماڵی تۆ بۆی داناوە نەزیاتر و نەكەمتر، وە پێغەمبەرﷺ دەفەرموێت:- {لَاخَيْرَ فِيمَنْ لَا يُضِيْفُ}[٣٧] ، واتە:- {خێر ڕوو لەماڵێك ناكات كە میوان لەخۆنەگرێت}، وە لەفەرمودەیەكی تردا دەفەرمووێت:- {إِذَا جَاءَكُمُ الْزَّائِرُ فَأَكْرِمُوهُ}[٣٨]، واتە:- {ئەگەر كەسێك سەردانی كردن ڕێزی لێ بگرن}، پێغەمبەرمان ﷺ فێرمان دەكات ڕێزی خەڵك بگرین و پێداویستیەكانیان پڕبكەینەوە بەم شێوەیە دەبینە كەسێكی ڕەوشت جوان و ڕێزمان دەگیرێت لەناو خەڵكیدا و بەناشرینی وەسف ناكرێین، بەمەرجێك بەڕێزەوە هەڵسوكەوت بكەین لەگەڵیاندا وە خۆشمان بوێن لەبەرخوا.

## ٣٦- كەسانێك بەخراپە باست بكەن بەڵام تۆ بەچاكە وەڵامیان بدەیتەوە(أناس يصفونك بالشر وتجبهم بالخير):-

یەكێكیتر لەهۆكارەكانی ڕەوشت جوانی بریتیە لەوەی بەچاكە وەڵامی چاكە و خراپەی خەڵكی بدەینەوە، ئەگەر كەسێك زەمی كردی یان بوختانی خراپ یان كاری ناشرینی بۆهەڵبەستی ئارام بگریت، لەگەڵ ئەوەشدا بەچاكە وەڵامی بدەیتەوە وە هەدیە یەكیشی بدەیتێ، چونكە ئەوزەمێك یان بوختانێكی بۆكردوویت بەچاكە بۆت دەنوسرێت، واتە چاكەكانی خۆیت پێشكەش دەكات وەخراپەی تۆش دەبات بۆ خۆی، هەروەكو چۆن تابیعی گەورە (إمامی حسنی بصري)(رحمه الله) كاتێك بیستیەوە كەسێك غەیبەتێكی كردووە سەبەتەیەك خورمای لەگەڵ خۆی بۆبرد و ڕۆشت بۆماڵیان و دەست خۆشی لێكرد و سەبەتە

---

٣٧- مكارم الأخلاق للخرائطي: ج١، ص١١٥، حديث(٣٢٥).

٣٨- م
كارم الأخلاق للخرائطي: ج١، ص١١٥، حديث(٣٢٦).

خورماكەشی پێدا كابراش زۆر سەری پێی سوڕما تێنەدەگەشت پاشان ( حەسەنی بەصری ) بۆی ڕوونكردەوە كاتێك غەیبەت یان شتێكی ناشرین بەكەسێك بكەیت كەخۆی لەوێ نەبێت ئەوە كردەوە چاكەكانی خۆتت پێشكەش كردوە، لەوەوە فێردەبین و پەند وەردەگرین كەنابێت قسە بۆكەس هەڵبەستین وە دەبێت بەچاكە وەڵامی چاكەو خراپەی خەڵكی بدەینەوە، هەروەها پێغەبەرمانﷺ كاتێك پیرێژنێكی دیت كۆڵێكی قورسی پێیە لێی گرت و یارمەتی دا، ئەویش ئامۆژگاری كرد كە كەسێك ئیدیعای پێغەمبەرایەتی دەكات كە ناوی ( محمدەﷺ ) بڕوای پێنەكات، پێغەمبەریشﷺ زەردەخەنەیەكی كردوو فەرمووی من ئەو كەسەم كەتۆ ڕقت لێیەتی پیرێژنەكەش پەشیمان بویەوە و باوەڕی پێهناو موسوڵمان بوو، بەلەسەرخۆیی و چاكە وەڵام دانەوە مرۆڤ دەتوانێت ڕەوشتی خۆی پێ جوان بكات.

دەی بڕیار بدە بەچاكە وەڵامی چاكەو خراپەی خەڵك بدەیتەوە تاببیتە كەسێكی ڕەوشت جوان.

## ٣٧- دووركەوتنەوە لە لەعنەت و نەفرینكردن (البعد عن اللعنة):-

**لەعنەت** واتە :- خەشم و قین و غەزەبی خوا لەسەر ئەوشتەبێت.

ئەمەش یەكێكە لەوهۆكارانەی گەر مرۆڤ وشیار نەبێت و خۆی لێ بەدوور نەگرێت ئەوە تووشی نەهامەتی و ئێش و ئازارو پەشیمانی دەبێتەوە ئەویش بریتیە لە **نەفرینكردن( لەعنەت كردن )**، وە زۆرێك لەخەڵكی ئەم ووشەیە بەهەڵە بەكاردێنن وەكو دەڵێن :- ( **نەحلەت** واتە **هەنگ**، یاخود دەڵێن **نەعلەت** واتە **نەعل** یان **پێڵاو**، كە لەئەسڵدا **لەعنەتە** ).

بەم لەعنەت كردنەش كەسی لەعنەت كار بە كەسێكی ڕەوشت ناشرین و سوك سەیر دەكرێت و وەصف دەكرێت، ئەگەر كەسێكت بینی لەعنەتی كرد لەكەسێك یان لەشتێك بێجگە لەشەیتان، بەئاگای بێنەوەو فێری بكە كەنابێت لەعنەتی لێبكرێت و گوناهێكی گەورەیە، وە هۆشداری بدەرێ ئەوكارەی كارێكی ناشرینە.

وە ئەگەر كەسێك لەعنەتی كرد لە( سەیارەكەی یاخود ئاژەڵەكەی یاخود...... ) ئەوە با

لێی نزیك نەكەویتەوەو لەوەدوا خۆی لێ بەدووربگریت، وەكو پێغەمبەرﷺ پیاوێكی بینی لەعنەتی لەحوشترەكەی كرد فەرمووی بەرەڵایكە بابڕوات و وازی لێبێنە، چونكە تۆ لەعنەتت لێكردوە، واتە شتێك لەعنەتی لێكرابوو با لەماڵتا نەبێت، وە فەرمووی جارێكی تر سوار پشتی مەبەرەوە.

بەلأم لەعنەت كردن لەشتانێك كەخواو پێغەمبەرەكەی ﷺ لەعنەتیان لێكردووە وەك خوای گەورە دەفەرموویت:- ﴿ لَّعَنَهُ ٱللَّهُ وَقَالَ لَأَتَّخِذَنَّ مِنۡ عِبَادِكَ نَصِيبٗا مَّفۡرُوضٗا ١١٨ ﴾ النساء:(١١٨). واتە:- ﴿ ئەوشەیتانە كەخوا نەفرینی لێكردووە وتویەتی سوێند بێت بەتۆ ئەی خودایە بەشێكی دیاریكراو لەبەندەكانت دائەبڕم لە ئیمان و خواناسی ١١٨ ﴾، لێرەدا خودا لەعنەتی لە شەیتان كردووە.

وە پێغەمبەرمان ﷺ دە فەموویت:- {لَعَنَ اللهُ الْيَهُودَ وَالْنَّصَارَى}[٣٩]، واتە:- {لەعنەتی خوا لەیەهودو نەصارا بێت}، وە چەند شتانێكی تر كە لەعنەتیان لێكردووە ئەمانە دروستە لەعنەتیان لێبكرێت، بەمەرجێك ئەوكەسە شتەكە تایبەت نەكات واتە بڵێ لەعنەت لەتۆبێت، دەی كەوابوو خوشك و برای بەڕێزم خۆت بەدوور بگرە لەلەعنەتكردن جا( لە منداڵەكانت یان دایك و باوكت یان هەرشتێك بێت)، وە بزانە لەعنەتكردن پیشەی كافران و دۆزەخیەكانە، پەنا دەگرین بەخوای باڵادەست، خۆت بەدوور بگرە و پەنا بگرە بەخوای باڵادەست لەلەعنەتكرن و وتەی نەشیاو بەرامبەر دروستكراوەكانی خودا، بەم شێوەیە دەتوانیت ببیتە كەسێكی ڕەوشت جوان لەلای خوای باڵادەست پاشان لەلای خەڵكی.

---

٣٩- أخرجه مسلم ج١، ص٣٧٦، حديث(٥٢٩).

## ٣٨- دەستگرتن بەدەم و لووتەوە لەکاتی پشمەو کۆکەدا(الید علی الفم والأنف عند عطس):-

**یەکێکی تر لەوشتانەی ڕەوشتی مرۆڤ جوان دەکات دەستگرتنە بەدەم و لووتەوە لەکاتی پژمین و کۆکیندا، وە پێغەمبەر ﷺ دەفەموویێت:- کاتێك باوێشکتاندا بلێن** {أَعُوذُ بِاللهِ مِنَ الْشَّيطَانِ الْرَّجِيْمِ}**واتە :- {پەنا دەگرم بەخوا لەشەیتانی دەرکراو لەڕەحمەتی خوا}، وە دەفەرموویێت:-** {إِذَا عَطَسَ أَحَدُكُمْ فَلْيَقُلْ الْحَمْدُ لِلهِ، وَلْيَقُلْ لَهُ أَخَذَهُ أَوْ صَاحِبَهُ: يَرْحَمُكَ اللهُ، فَإِذَا قَالَ لَهُ: يَرْحَمُكَ اَللهُ، فَلْيَقُلْ: يَهْدِيكُمُ اللهُ وَيُصْلِحْ بَالَكُمْ}[٤٠]**، واتە:- {ئەگەر کەسێکتان پژمی بابلێت:** الحمد لله**، وە ئەوەی گوێی لێبوو بابلێت:** یرحمك الله**، وە ئەگەر وتی** یرحمك الله**، بائەمیش بلێت:** یهدیك الله ویصلح بالکم**}، وە سوننەتە ئەوکەسەی پژمی یاخود باوێشکی دا دەست بگرێت بەدەم و لووتیەوە بۆ ئەوەی ئەوانەی وان لەدەورو بەریدا پرژەی ئاوی دەم و لووتی بەری بەریان نەکەوێت و ناو دەمی دەرنەکەوێت لەلای بەرامبەرەکانیدا، ئەگەر لەکاتی باوێشکدا دەست نەگرێت بەدەمیەوە ئەوە شەیتان بەئاسانی دەتوانێت بچێتەوە ناو دەمیەوەو بەناو ملولەخوێنەکانیدا هاتوو چۆ بکات، ئەوەش بزانە (پژمین لەلای خواوەیەو و خوا پێی خۆشە وە باوێشك لەلای شەیتانەوەیەو شەیتان پێی خۆشە هەروەك پێغەمبەرﷺ فەرموویەتی).**

**خوشك و برای خۆشەویستم خوێنەری بەڕێز گەر دەتەوێت ڕەوشتی خۆت جوان بکەی ئەوە لەکاتی پژمین و باوێشك یان کۆکەدا دەست بگرە بەدەم و لووتتەوە، وە قرقێنە مەدەوە بەدەنگی بەرز چونکە ئەوە ڕەوشتێکی نەشیاوو ناشرینە.**

**بەڕەچاوکردنی ئەم خالانە مرۆڤ دەتوانێت ڕەوشت و ئاکاری خۆی جوان بکات و خەڵکی ڕێزی بگرن.**

---

[٤٠] - مختصر صحيح البخاري: ج٤، ص١٠١، حديث(٢٣٩٢).

## ٣٩- دووركەوتنەوە لەزوولْم و ستەم(البعد عن الظلم):-

ستەم كردن و مافی خەڵكی پێشێلكردن یەكێكی ترە لەو هۆكارانەی مرۆڤ ناشرین دەكات لەكۆتایدا وە لەئاخیرەتیدا، خوای گەورەش دەفەرمووێت:- ﴿ فَمَا كَانَ دَعْوَىٰهُمْ إِذْ جَآءَهُم بَأْسُنَآ إِلَّآ أَن قَالُوٓاْ إِنَّا كُنَّا ظَٰلِمِينَ ﴿٥﴾ ﴾الأعراف:( ٥ ) ، واتە:- ﴿ كاتێك سزای ئێمەیان بۆهات هاوارو نزایان هیچ نەبوو بێجگە لەوەی كە دەیان وت: بەڕاستی ئێمە ستەم كار بووین﴿٥﴾ ﴾.

وە پێغەمبەرمانﷺ فەرموویەتی:- {إِنَّ اللهَ لَيُمْلِي لِلْظَّالِمِ، حَتَّى إِذَا أَخَذَهُ لَمْ يُفْلِتْهُ}[٤١]، واتە:- {خودا ماوەی ستەمكار دەدات هەتا دەیگرێت بەس كەگرتی ئیتر دەرچوون و ڕزگاربوونی نیە}.

وە فەرموویەتی:- {اِتَّقُوا الْظُّلْمَ، فَإِنَّ الْظُّلْمَ ظُلُمَاتٌ يَوْمَ الْقِيَامَةِ}[٤٢]، واتە:- {خۆتان بپارێزن لەستەمكردن، چونكە ستەم تاریكاییەكانی ڕۆژی دواییە}،

هەروەها فەرموویەتی:- {أُنْصُرْ أَخَاكَ ظَالِماً أَوْ مَظْلُوماً، إِنْ يَكُ ظَالِماً فَارْدُدْهُ عَنْ ظُلْمِهِ، وَ إِنْ يَكُ مَظْلُوماً فَانْصُرْهُ}[٤٣]، واتە:- {براكەت سەربخەو پشتی بگرە ستەمكار بێت یاخود ستەم لێكراو، ئەگەر ستەمكار بوو ڕێی لێبگرەو دەستی بگرە مەیەڵە ستەم بكات، وە ئەگەر ستەم لێكراوبوو پشتی بگرەو سەری بخە}.

لێرەوە فێر دەبین خۆمان بەدوور بگرین لە ستەم كردن و مافی خەڵكی نەخۆین، چونكە هەموومان دەرئە نجامی ستەمكردن دەزانین لەدونیادا، وە لە قیامەتیشدا خوای گەورە بۆمانی ڕوون كردووەتەوە چ سزایەكی بەئێشی هەیە وە پێغەمبەریشمان ﷺ وشیاری پێداوین لەستەمكردن.

ستەم لێكراو دوعای گیرایە وەكو پێغەمبەر ﷺ دەفەرمووێت:- {اِتَّقُوا دَعْوَةَ الْمَظْلُومِ، وَ إِنْ كَانَ كَافِراً فَإِنَّهُ لَيْسَ دُونَهَا حِجَابٌ}[٤٤]، واتە:- {خۆتان بپارێزن لەدوعای ستەم

٤١- أخرجه البخاري(٤٦٨٦)، ومسلم(٢٥٨٣).
٤٢- أخرجه المسلم(٦٥١٩).
٤٣- أخرجه البخاري(٦٥٥٢).
٤٤- حسن: أخرجه أحمد(١٢٥٧١).

لێكراو، ئەگەر هاتوو كافریش بوو، چونكە هیچ پەردەیەك نیە لەنێوان(دوعاو قبووڵ بوونەكەی)}.

ستەمكردن لە كۆتاییدا كەسی ستەمكار سەرشۆڕ دەكات و دونیاو قیامەتی لەدەست دەچێت، خۆت بەدوور بگرە لەستەمكردن، جا ستەم لەماڵ و منداڵ بێت یان لەخەڵكی یاخود لە ئاژەڵان بێت.

## ٤٠- داوێن پاكی(العفاف):-

خاڵێكی زۆر گرنگ ئەگەر مرۆڤی باوەڕدار دەستی پێوە بگرێت سەرفرازی دونیاو قیامەتی دەكات بریتیە لە(داوێن پاكی)، خۆپاراستن لەتووشبوون بەبەد ڕەوشتی و داوێن پیسی مرۆڤ گەورە و سەلامەت دەكات، وەكو چۆن خوای بالآدەست یوسف پێغەمبەر(علیه السلام)ی بەرزكردەوە لەبەرچاو هەموو خەڵكیدا بەوەی خۆی پاراست لەو داوایەی (زولەیخا خاتوون) بۆ داوێن پیسی، خۆی پاراست خوای گەورەش پاراستی و بەسەلامەتی ڕزگاری بوو.

خۆپاراستن لەو كارەنەشیاوە كەخوای گەورە نەهی لێكردووە لە شەرعدا قەدەغەكراوە، بەتاییەت لەڕۆژێكی وەكو ئەمڕۆدا كەهەرچۆن بتەوێت لەبەردەستدا ئامادەیە بە(ئەنتەرنێت و مۆبایل و تەلەفیزیۆن و ناوبازارەكانەوە.... ) خۆپاراستن زۆر قورس و گرانە، چونكە ماڵەكان پڕبووە لەم جۆرە تەكنەلۆژیایانەو بەتاییەتی گەنج زۆرتر توشی هەڵە دەبێت مەگەر كەسێكی زۆر بەصەبر و باوەڕدار و مولتەزیم بەدینەوە بێت و یوسف ئاسا بێت تابتوانێت خۆی لێ قوتار بكات و نەهێڵێت تووشی ئەو كارە حەرامە ببێت.

لەگەڵ ئەوەشدا سوپاسی خوای دەوێت لەگەڵ ئەو هەموو كارئاسانیەكراوە بۆ تووشبوونی گەنجەكانمان بۆ كاری بەدڕەوشتی، بەلأم دەبینرێت لەمزگەوتەكاندا گەنجێكی زۆر بەرچاو دەكەوێت و دێنە مزگەوتەكانەوە و خۆیان بەدووردەگرن لەو كارە ناشرین و نەشیاوانە، چونكە لەمزگەوتەوە فێركراون و وشیار كراونەتەوە كەخوای گەورە دەفەرموویت:- ﴿ وَلَا تَقْرَبُوا۟ ٱلزِّنَىٰٓ ۖ إِنَّهُۥ كَانَ فَٰحِشَةً وَسَآءَ سَبِيلًا ﴿٣٢﴾ ﴾الإسراء: (٣٢) .

واتە :- ﴿ نزیكی زینا مەكەونەوە، بەڕاستی ئەوە كردەوەیەكی زۆر ناشرین و ڕێگەیەكی پیس و خراپە (٣٢) ﴾.

خوای گەورە ئاگاداری كردوینەتەوە وە نەهی كردوە لە نزیك بوونەوە لەزینا و داوێن پیسی، دەی بێگومانبە مادام وایە توشی نەخۆشی و دەردەسەری زۆر سەختت دەكات گەر ئەنجامی بدەیت بۆیە خوای بالأدەست لەسەروی حەوت تەبەقەی ئاسمانەوە ئاگاداری كردویتەوە لێی، وە پێغەمبەرمانﷺ فەرمانی كردوە بەوەی ئەگەر پیاو یاخود ژن توشی داوێن پیسی بوو دەبێت ڕەجم بكرێت تاكو دەمرێت وە كوڕ یاخود كچ (١٠٠) قامچی لێبدرێت ئەمەش لەبەر زۆرقێزەونی ئەوكارە ناشیرینەیە، وە ئەگەر كەسێكیش خۆی ڕزگار بكات لەوكارە خوای گەورە بەباوەڕداری داوێن پاك باسی دەكات و دەفەرمووێت:- ﴿ وَالَّذِينَ هُمْ لِفُرُوجِهِمْ حَافِظُونَ (٥) ﴾ المؤمنون: (٥).

واتە :- باوەڕدار ئەوانەن ﴿ ئەوانەی كە پارێزەری داوێنیانن لەداوێن پیسی (٥) ﴾.

وە یەكێك لەوجۆرە كەسانەی خوای گەورە لەڕۆژی قیامەتدا نەقسەی لەگەڵدا دەكات وە نەسەیری دەكات پیرەپیاوێكی زیناكار و داوێن پیسە، وەكو پێغەمبەرمانﷺ دەفەرمووێت{ثَلَاثَةٌ لَايُكَلِّمُهُمُ اللهُ يَوْمَ الْقِيَامَةِ وَلَا يُزَكِّيْهِمْ وَلَا يَنْظُرُ إِلَيهِمْ وَلَهُمْ عَذَابٌ أَلِيْم: الْشَّيْخُ الْزَّانِي}(٤٥)، واتە :- {سێ جۆرە كەس هەن خوای گەورە لەڕۆژی قیامەتدا نەقسەیان لەگەڵدا دەكات و نەسەیریان دەكات، وە سزایەكی زۆر بەئازار چاوەڕێی ئەوانە دەكات: یەكەم پیرە پیاوێكی داوێن پیسە}.

خوشكی ئیماندار زۆر ئاگاداربە خۆت مەڕازێنەوەو بازاڕەكان مەشڵەقێنەو پیاوان توشی ئەو تاوانە قێزەونە مەكە و خۆێشت لەئاگر نزیك مەكەرەوە چونكە پێغەمبەرمانﷺ كاتێك ئیسراو میعراجی پێكرا دەفەرمووێت: دۆزەخم پیشاندرا زۆرینەی ئافرەتان بوون، داوێنی خۆتان بپارێزن بەجل و بەرگی ڕووت و تەسك و ئارایشتگاوە مەچنە بازاڕەكانەوە، ئەوەی دەتوانن بیكەن بۆ مێردی خۆتان لەماڵەوە نەك بۆدەرەوە، دڵنیابن بەو شێوەیە گوێڕایەڵی هاوسەر و دایك و باوكتان بن بەهەشت بەدەست دێنن.

---

٤٥- صحيح: أخرجه مسلم(١٠٧).

ئەمەش یەكێكە لەو هۆكارانەی مرۆڤ دەتوانێت بەو داوێن پاكیەی خۆی ڕزگار بكات لەقسە و قسەڵۆكی خەڵكی و سەر شۆڕی و لەدۆزەخیش بەدوور دەبێت، برای خۆشەویستم ئاگاداری خۆتبە لەوكاتەی لەسەر كارەكەتیت تا دەگەڕێیتەوە ماڵەوە تووشی ئەو تاوانە قێزەونە نەبیت، چونكە نەخۆشی ئایدز كەنەخۆشیەكی زۆر سەختە توشی كەسی داوێن پیس دەبێت، خۆتی لێبەدوور بگرە تا خوای باڵادەست بەدوورت بگرێت لەو نەخۆشیە وە لە ئاگری دۆزەخ، خوای گەورە بمان پارێزێت لەو كارە ناشرین و قێزەونە.

# كۆتایی

لەكۆتایدا داواكارم لەخوای بالآدەست ئەم پارچە نوسینەمان لێوەربگرێت بە عیبادەت و بیكاتە توێشوی قیامەتمان و نەبێتە ڕیا اللهم امین.

لێرەدا باسی چەند ڕەوشتێكی بەرز و جوانم كردوە كەمرۆڤ دەتوانێت خۆیانی پێ برازێنێتەوە، لای خوای پەروەردگار و بالآدەست پاشان لای خەڵكی جوان ببێت.

هەندێك لەو خالآنەش:- (عەقیدەیەكی پاك، دوعاكردن و پاڕانەوە لەخوا، ئارامگرتن، بەئەنجام گەیاندنی نوێژەكان بەجەماعەت، ڕۆژوو، ڕێزگرتنی بەرامبەر، بەسوك سەیر نەكردنی خەڵكی، بەخشندەیی و دەست بلآوی، ڕوو خۆشی، نیەت پاكی، شەرم و ئابڕوو، وەچەند ڕەوشتێكی جوانی تر...)، وە باسكردنی چەند ڕەوشتێك كە دەبێت مرۆڤی بڕوادار خۆیانی لێ بەدوور بگرێت، چونكە شەخصیەتی مرۆڤ لەكەدار دەكەن، خۆ بەدور گرتن لەو ڕەوشتان مرۆڤ جوان دەكات، سەرچاوەی هەموو ڕەوشتێكی جوان و بەرز دەگەڕێتەوە بۆ قورئان و ئامۆژگاری و فەرموودە شیرینەكانی پێغەمبەرمانﷺ، خۆت پڕ چەك بكە لە عیبادەت و ڕەوشت و ئاكاری جوان بۆئەوەی ڕووت بێت لەبەرامبەر خوای بالآدەست لە ڕۆژی قیامەتدا بوەستیت.

وآخر دعوانا أن الحمد لله رب العالمين

وصلى الله وسلم على نبينا محمد وعلى آله وصحبه أجمعين.

**لەدوعای خێرتان بێبەشم مەكەن موحتاجی دوعای خێرتانم....**

**ئازاد فائق پینجوینی الكردی**

**دوو شەممە**

**٣٠\رجب\١٤٣٩هـ**

**١٦\٤\٢٠١٨ز**

**سلیمانی**

# سەرچاوەكان


١- قرآن الكريم.

**٢- پوختەی تفسیری قورئان.**

**٣- تەفسیری ئاسان.**

٤- صحيح البخارى.

٥- مختصر صحيح البخاري.

٦- صحيح المسلم.

٧- صحيح الترمذي.

٨- صحيح الحاكم.

٩- صحيح جامع الصغير.

١٠- صحيح ابن حبان- محققا.

١١- صحيح ابن خزيمة.

١٢- سنن الترمذي.

١٣- سنن أبو داود.

١٤- سنن ابن ماجة

١٥- مصنف ابن أبي شيبة.

١٦- المعجم الكبير للطبراني.

١٧- مسند أحمد الرسالة.

١٨- سبل السلام.

١٩- سلسلة الأحاديث الصحيحة الشيخ الألباني.

٢٠- رياض الصالحين الإمام النووي.

٢١- مسند الشافعي.

٢٢- فيض الباري على صحيح البخاري.

٢٣- مكارم الأخلاق للخرائطي.

٢٤- مختار الصحاح.

# پێڕست



| ڕەوشتەكان | لاپەڕە |
| --- | --- |
| **پێشەكی** | ١ |
| **ڕەوشتە بەرز و جوانەكان( حسن الخلق )**. | ٤ |
| ١- **بیر و باوەڕ**(سلامة العقيدة). | ٥ |
| ٢- **هاوڕێی باش** (رفيق الجيد). | ٥ |
| ٣- **پارێزگاری كردن لەنوێژە فەڕزە كان** (المحافظة على الصلاة). | ٦ |
| ٤- **ڕۆژوو**(الصيام). | ٧ |
| ٥- **ئارامگرتن**(الصبر). | ٨ |
| ٦- **دەمە قاڵە نەكردن** (المناقشة). | ٩ |
| ٧- **پاكیەتی و ڕاستگۆیی**(العفة). | ١٠ |
| ٨- **دوعاو پاڕانەوە** (الدعاء). | ١١ |
| ٩- **هەوڵدان و تێكۆشان** (المجاهدة). | ١٢ |
| ١٠- **بەخۆدا چوونەوە**(المحاسبة). | ١٢ |
| ١١- **تێڕوانین لەسزای ڕەوشتی خراپ** (النظر في عواقب سوء الخلق). | ١٣ |
| ١٢- **خۆت بپارێزیت لەوەی بێ هیوابی لە چاككردنی نەفسی خۆت**(الحذر من اليأس من إصلاح النفس). | ١٣ |
| ١٣- **ورە بەرزی** (علوالهمة). | ١٤ |
| ١٤- **نیشاندانی ڕوخسار بەڕوو خۆشی**( تكليف البشر الطلاقة). | ١٥ |
| ١٥- **وازهێنان و دووركەوتنەوە لە نەزانی و نەفامی** (الإعراض عن الجاهلين). | ١٦ |
| ١٦- **وەرگرتنی ئەو ئامۆژگاریانەی ئەتگەیەننە ئامانج**(قبول النصح الهادف). | ١٦ |

| | |
|---|---|
| **١٧- گەیاندنی خزمایەتی**(صلة الرحم). | ١٧ |
| **١٨- شەرم وئابڕوو** (الحیاء). | ١٨ |
| **١٩- قورئان خوێندنەوە بە تێفكرین وبیرلێ كردنەوە** (قراءة القران بتدبر وتعقل). | ١٩ |
| **٢٠- پاككردنەوەی نەفس بە گوێڕایەڵی كردن و بەجێ گەیاندنی فەرمانەكانی خوای بالادەست** (تزكیة النفس بالطاعة). | ٢٠ |
| **٢١- خوێندنەوەی ئەو كتێبانەی دەربارەی ڕەوشت جوانی نوسراون** (قراءة كتب الشمائل والكتب في الأخلاق). | ٢٠ |
| **٢٢- بلاو كردنەوە سەلام**(إفشاء السلام). | ٢١ |
| **٢٣- دان نان بەهەڵەی خۆتدا** (التسلیم بالخطأ). | ٢٢ |
| **٢٤- بەخشندەو دەستكراوە**(السخاء). | ٢٣ |
| **٢٥- لەسەر خۆیی لەقسە كردندا**(الهدوء في الكلام). | ٢٤ |
| **٢٦- گوێڕایەڵیكردنی دایك و باوك** (إطاعة الوالدین). | ٢٥ |
| **٢٧- دوركەوتنەوە لەبەخیلی بەیەكتربردن و غەیبەتكردن** (البعد عن الحسد والنمیمة). | ٢٦ |
| **٢٨- تووڕەنەبوون**(البعد عن البغض). | ٢٨ |
| **٢٩- خۆ بەكەم زانین**(التواضع). | ٢٨ |
| **٣٠- هاوكاری یەكتركردن**(التعاون). | ٢٩ |
| **٣١- بەخشین** (الإنفاق). | ٣٠ |
| **٣٢- خۆ هەڵنەقورتاندن لەهەموو قسەو مەجلیسێكدا**(عدم التحرش). | ٣٢ |
| **٣٣- سوپاسكردنی بەرامبەر لەكاتی ئەنجامدانی كارێك بۆت**(الشكر مقابل الشيء). | ٣٣ |
| **٣٤- سەردانیكردنی نەخۆش**(زیارة المریض). | ٣٤ |
| **٣٥- ڕێزگرتنی میوان**(إكرام الضیف). | ٣٥ |
| **٣٦- كەسانێك بەخراپە باست بكەن بەلام تۆ بەچاكە وەلامیان** | ٣٦ |

| | |
|---|---|
| **بدەیتەوە**(أناس يصفونك بالشر وتجبهم بالخير). | |
| **٣٧- دووركەوتنەوە لە لەعنەت و نەفرینكردن**(البعد عن اللعنة). | ٣٧ |
| **٣٨- دەستگرتن بەدەم و لووتەوە لەكاتی پشمەو كۆكەدا**(اليد على الفم والأنف عند عطس). | ٣٨ |
| **٣٩- دووركەوتنەوە لەزوولم و ستەم**(البعد عن الظلم). | ٣٩ |
| **٤٠- داوێن پاكی**(العفاف). | ٤١ |
| **كۆتایی** | ٤٣ |
| **سەرچاوەكان** | ٤٤ |
| **پێرست** | ٤٥ |